دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٥٨، پێنجشەممە، ١٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤، ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٥، ٥٠٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com

**ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی بەڕێوەچوونی دەیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی**

*

**ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بوردومانکردنی بنکەکانی PKK**

لاپەڕە ٢ >>



**پێشبینییەکەمان وەدی هات و لاوازبوونی ئێران دەرکەوت**

٤



**پرسی ژینگە و سووتانی دارستانەکانی کوردستان**

٧



**تراژێدیای هاوینی ٦٧ و ڕێککەوتننامەی ڤییەن**

٨



**بارودۆخی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە کوردستانی ڕۆژهەلات**

١٠

# ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی کەوتە ڕۆژەڤی کۆنگرێسەوە

ئێد ڕۆیس، سەرۆکی کومیتەی پێوەندییە دەرەکییەکانی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا، گەڵاڵەیەکی بۆ ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی ئێران و شەش وڵاتەکە پێشکەش بە مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا کردووە، سەرۆکی زۆرینەی سەناش دەڵێ سەناتۆرەکان بڕیارنامەی ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ڤییەن پەسەند دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی ڕۆیتێرز، ئێد ڕۆیس، سەرۆکی کۆماریخوازی کومیتەی پێوەندییە دەرەکییەکانی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا، ڕۆژی سێ شەممە ١٣ی گەلاوێژ، گەڵاڵەیەکی پێشکەش کردووە کە لە ئەگەری پەسەند کردنیدا، ڕێککەوتننامەی ناوکی ئێران پووچەڵ و هەڵدەوەشێتەوە. بڕیارە ئەم گەڵاڵەیە سەرەتای مانگی سێپتامبر لە مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا بخرێتە بەر دەنگدان.

بەپێی یاسایەك کە لە مانگی مایدا بە پەسەند گەیشت، کۆنگرەی ئەمریکا تا ١٧ی سێپتامبر (٢٦ی خەرمانان) مۆڵەتی هەیە تا ڕێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێراندا پەسەند یان ڕەت بکاتەوە.

لە ئەگەری دابینبوونی داخوازییەکانی



کۆماریخوازەکان، تەنیا بڕیارنامەی ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێراندا لە مەجلیسی نوێنەران و سەنادا دەخرێتە بەر دەنگدان و پەسەند کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە تەنانەت وەك بژاردەیەکیش نایەتە ئاراوە. میچ مەك کانال، ڕێبەری زۆرینەی کۆماریخوازەکان لە سەنای ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە سەناش بڕیارنامەی ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی دەخاتە بەر دەنگدانەوە.

بەم حاڵەش، پاڵپشتی کردنی دێموکراتەکان لە ڕێککەوتنامەکە، ئەگەری پووچەڵ کردنەوەی مافی ڤێتۆی سەرۆککۆمار لە کۆماریخوازەکان وەردەگرێتەوە، چونکوو ئەوان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەبێ دەنگی ئەرێنی دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆنگرە بەدەست بێنن.

مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا ئێستا ٢٦٤ نوێنەری کۆماریخواز و ١٨٨ نوێنەری دێموکراتی هەیە. ڕێژەی پێویستی دوو لەسەر سێ بۆ پەسەند کردنی بڕیارنامەی ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوەکی، ٢٩٠ دەنگە.

## پەیڤ

**ناهید حسێنی**

واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی نێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥، لە ڕوانگەی زۆرێك لە شرۆڤەکارانی سیاسییەوە بە تەسلیم نامەی ڤییەن ناوزەد کراوە. زۆرێك بڕوایان بەوە هەیە کە بەو واژۆیە سەربەخۆیی وڵاتی ئێران و تەناهیی سیاسی، نیزامی و تەنانەت ئابووریشی کەوتۆتە مەترسییەوە. وڵاتانی ڕۆژئاوایی هەردەم پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکە داناوە و بژاردەی نیزامی و گەڕاندنەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان وەك هەڕەشە بەرەوڕووی ئێران دەکەنەوە. لە تازەترین لێدوانیدا ئۆباما باس لەوە دەکات کە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتننامەکە لە لایەن سەنای ئەمریکاوە بە مانای هەڵکردنی ئاڵای شەڕە لەگەڵ ئێران. لەم لاشەوە شەڕە زێرینگەرییەکانی نێوان باڵەکانی ڕێژیم خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە ئاقارێکی دیکەدا دەبەن. بوارخۆش کردن بۆ شانۆسازییەکانی داهاتوو لە هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و هەروەها مەجلیسی خوبرەگان و خۆڵ دەچاوی خەڵك و دنیا کردن کە گوایە باڵێکی ڕیفۆرمخواز لە ئێراندا بوونی هەیە کە هەوڵ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکانی ئەو وڵاتە دەدات و پێویستە بەهێز بکرێت و دەنگی پێبدرێت لە بەرامبەر باڵێکی بناژۆخواز و کۆنەپارێز و شەڕخوازدا. لەو لاشەوە دەبینین کە بە هەموو شێوەیەك ڕەخنە گرتن و هەبوونی ڕوانگەی ڕەخنەگرانە بەرامبەر بەو ڕێککەوتنە یاساغ کراوە و ئەو ڕۆژنامە و بڵاوکراوانەی کە لە سەر ئەو تەوەرە ڕوانگەیەکی جیاواز لە دەسەڵاتیان هەیە دادەخرێن و ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە. «پاراستنی نیزام» و مەترسیی هاتنە ئارای شەڕێك کە بە دڵنیاییەوە دۆڕاوی گۆڕەپانەکەی ڕێژیمی ئێران دەبێت، ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە هەموو بۆچوونە جیاوازەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی ئێرانی لێك نزیك کردۆتەوە. بە ڕوانینێکی سەرپێییش دەبینین کە ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکە تەنیا لە پێناوی مانەوەی ڕێژیمدا، تا چەند بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێرانی کردۆتە ئامانج و برینی هەموو ئەو هێڵە سوورانەی تێدا بەدی دەکرێت کە ئێران مانۆڕی لە سەر دەدا. دیارە خۆڵی ئەم سات و سەودایەش لە کۆتاییدا هەر لە چاوی خەڵکی بێدەرەتانی ئێران دەچێت. سەروەت و سامانی وڵات خەرجی تێچووی بەرزەفڕییە ناوکییەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران کرا و ئێستاش خەرجی لەناوبردنی ئەو بنکە ئەتۆمییانە و ڕاگرتنی پاشماوەی دامودەزگاکانی دەکرێت. لە لایەکەوە گەمارۆیەکی چڕ کەوتۆتە سەر چەك و چۆڵی ئێران و لە لایەکی دیکەشەوە ئێران بۆی نییە هیچ ناڕەزایەتییەك بەرامبەر ڕاپۆرتی پشکێنەرانی ئاژانسی ئەتۆمی دەرببڕێت و بە سەرنجدان بەوەش کە لە هەر ئان و ساتێکدا کە لایەنی دیکەی وتووێژکەر بیەوێ، ئەگەری گەڕاندنەوەی گەمارۆکان لە ئارادایە، زیاتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێران دۆڕاوی سەرەکیی وتووێژەکانە و لە وڵاتێکی تەسلیم بوو زیاتر نییە.

## تورکیە بۆ سازکردنی ناوچەیەکی ئارام لە باکوری سوریەدا هەنگاوەکانی خۆی دەست پێکرد

مەولود چاووش ئۆغڵوو وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیە ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٥ی ئاگۆست ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی وێڕای ئەمریکا تا ماوەیەکی دیکە هێرشێکی هەمەلایەنە لەدژی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش ئەنجام دەدات.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە پێشتر ڕۆژنامەی «شەرقولئەوسەت» باسی لەوە کردبوو کە تورکیە لە سەر بنەمای ڕێککەوتنێك کە لەگەڵ ئەمریکا هەیەتی، بەتەمای وەڕێخستن و دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارامە لە نیو خاکی سووریە کە بۆ کوردەکان و گرووپی نەسر لقی ئەلقاعیدە، ناوچەی قەدەغەکراو دەبێت.

شەرقولئەوسەت ڕۆژی سێشەممە بە پشت بەستن بە سەرچاوە فەرمییەکان لە تورکیە بڵاوی کردەوە کە ئەم وڵاتە جموجۆڵەکانی خۆی بۆ جیبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەست پێکردووە. فڕۆکە ئەمریکاییەکانیش لە فڕۆکەخانەی سەربازی ئینجێرلیك جێگیر بوون و ئۆپەراسیۆنەکان لەم حەوتووەدا یان لە سەرەتای حەوتووی داهاتووەوە دەس پێدەکات.

ئەم سەرچاوانە ڕایانگەیاندووە وتووێژەکانی نێوان تورکیە و ئەمریکا بۆ گەیشتن بەم ڕێککەوتنە، ماوەی ٨ مانگ درێژەی کێشاوە بۆ ئەوەیکە لە کۆتاییدا ئاکامێکی باشی لێ بکەوێتەوە و ناوچەیەکی ئارام ساز بکرێت.

ئەم سەرچاوانە هەروەها ڕایانگەیاندووە کە تورکەکان بەهۆی جموجۆڵەکانی داعش، دەوڵەتی سووریە و هێزە کوردییەکان و لەگەڵ ئەوانەشدا هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ئەگەری دامەزرانی هەرێمێکی کوردی لە باکوری سووریە لە ژێر گوشاردا بوون. بە وتەی ئەم سەرچاوانە تورکیە بە هێزی سەربازی ناوچەیەکی ئارام دادەمەزرێنێ و هیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریە بە پشتیوانی تورکیە هێرش دەکەنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و گرووپە توندرەوەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە.

## ٧٥ لە سەدی پارێزگای تەعەز لە کونتڕۆڵی حوسییەکاندا نەما

سەرچاوە سەربازییەکانی یەمەن ڕۆژی چوارشەممە ٥ی ئاگۆست بڵاویان کردووەتەوە، کە ٧٥ لەسەدی پارێزگای ستراتژیکی تەعەز لە کونتڕۆڵی میلیشیا حوسییەکان و هێزەکانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح سەرۆککۆماری لابراوی یەمەن نەماوە.

سوپاسالار موحەممەد عەبدە ئەلحەزیقی، وەزیر نێوخۆی یەمەن بە پشتڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە وتی: «٧٥ لەسەدی پارێزگای ستراتژیکی تەعەز لە کونتڕۆڵی سوپای نەتەوەیی و هێزە بەرگریکارەکانی لایەنگری مەنسوور هادی سەرۆککۆماری یەمەندایە.» لە هەمان کاتدا سەرچاوە خۆجێییەکانی یەمەنی ڕایانگەیاندووە، لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان حوسییەکان و هێزە بەرگریکارە خەڵکییەکانی لایەنگری مەنسوور هادی لە ناوچەکانی ئەلزەباب، ئەربەعین، و جەبەل وەعش لە تەعەز لانیکەم ٥ کەس لە میلیشیا حوسییەکان کوژراون و زیاتر لە ٧٠ کەسی دیکەش بریندار بوون.

لە هەمان کاتدا سەرچاوەکانی ئەلعەرەبییە لە پارێزگای لەحەج بڵاویان کردووەتەوە کە لە تێکهەڵچوونەکانی نێوان هێزەکانی بەرگریکای خەڵکی و ملیشیا حوسییەکان نزیك بە ٤٧٠ کەس لە حوسییەکان تا ئێستا کوژراون.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هێزی بەرگریکاری خەڵکیی یەمەن لە درێژەی تێکهەڵچوونەکانیدا توانیویەتی نزیك بە ١٠٠ کەس لە میلیشیا حوسییەکان بەدیل بگرێ.

لە لایەکی دیکەوە، میلیشیا حوسییەکان و هێزەکانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستەکانیان لە لەحەج و تەعەز و ناوچە مەدەنییەکانی ئەلزەبووعە، گەڕەکی ئەلمەسبەح، وادی قازی و جەبەل جەرەیان بە چەکی قورس بە خەستی تۆپباران کردووە.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی بەڕێوەچوونی دەیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەیەمین پلینۆمی خۆی لە سەعات ٩ی سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ٣ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٥ی ژولای ٢٠١٥ی زایینی بە بەشداری زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەسڵی‌و جێگرانی کۆمیتەی ناوەندی‌و نوێنەرانی ئەندامانی ڕێبەری لە دەرەوەی وڵات پێکهێنا.

پلینۆم بە خۆلەکێك بێدەنگی‌و بە پێوەڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان بەتایبەت دوایین شەهیدی حیزب کاك قادر کەریمی دەستی پێکرد.

دواتر دەستوری کاری پلینۆم کە پێشتر بە ئاگاداری ئەندامانی ڕێبەری گەیشتبوو باسی لێوەکراو پاش پەسندکرانی دەستووری کار هاوڕێی بەڕێز کاك مستەفا هیجری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی گشتی سیاسی‌و ڕاپۆرتی سەفەرو سەردانەکانی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات پێشکەش کرد. لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی بەو باس‌و بابەتانە کردبوو کە لە دیدار لەگەڵ کاربەدەستانی بەشێك لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی‌و بە تایبەت ئامریکاو ئاڵمان هەیبووو ئەندامانی پلینۆمی دەیەمی لە ڕاوبۆچوونی ئەوان بەرانبەر بە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاگادار کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتی‌دا ڕێککەوتنەکەی ٥+١ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران هاتبوو کە پێشتر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشبینی کردبوو و باسی لەوە کردبوو کە کۆماری ئیسلامی بە دوای ئەو ڕێککەوتنەدا تا ڕادەیەك بە ئازادکردنی داراییەکانی‌و ئەگەری سووك‌کردنی گەمارۆکان‌و بردنە سەری هەناردەکردنی نەوت وێدەچێ بتوانی داهاتی خۆی بەرەوژوو بەرێ، بەڵام بەشی خەڵکی ئێران لەم داهاتە زۆر کەم‌و زیاتری بۆ دام‌ودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم وەك سوپای پاسداران، دەزگا ئەمنییەتی‌و ئیتلاعاتی‌و بەسیجییەکان تەرخان دەکرێ‌و لە دەرەوەی وڵاتیش سەرفی دابینکردنی هەزینەکانی هاوپەیمانانی لە ناوچە وەك حیزبوڵلای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن، حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سوریەو باقی دەستەو گرووپە وردو درشتەکانی دیکەی هاوپەیمانی تەرخان دەکا. ئاشکرایە کە بەهێزکردنی ئەم گرووپە توندڕەوو ئاژاوەگێڕانەش بە کردەوە کێشەو ئاژاوەی پتری لە وڵاتانی ناوچەدا بە دوای خۆیدا دێنێ. بەشدارانی پلینۆم پاش بیستنی ڕاپۆرتەکانی سکرتێری گشتی پرسیارو بۆچوونەکانی خۆیان هێنایە گۆڕو سەفەری سکرتێری حیزبیان بە پڕبەرهەم زانی.

لە بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆم‌دا بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزب لێکدانەوەیەکی سیاسی لەسەر دۆزی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەرکام بە تایبەتمەندی‌و هەل‌ومەرجی خۆیانەوە پێشکەش بە بەشدارانی پلینۆم کرد. ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزب لەم بەشە لە باسەکانی پلینۆمیشدا سرنج‌و تێبینییەکانی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەربڕی‌و لێکدانەوەی جێگری سکرتێری گشتی حیزبیان بە واقعبینانە هەڵسەنگاند کە ئاماژەی بە خاڵە بەهێزو ئەرێنی‌و خاڵە لاوازەکانی دۆزی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان کردبوو.

بڕگەیەکی دیکەی کاری پلینۆم تەرخان کرابوو بۆ بیستنی ڕاپۆرتێکی «کۆمیسیونی سیاسی ـ نیزامی» حیزب کە تایبەت بوو بە ئاکامی حەرەکەتی ئەم دوایانەی هێزی پێشمەرگەی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات‌و لە باشووری کوردستان‌و جێگیربوونیان لە ناوچە سنوورییەکان.

بەشدارانی پلینۆم بە ئاماژە بە لایەنە ئەرێنییەکان‌و ئاکامە بەنرخەکانی ئەو حەرەکەتە وێڕای سوپاس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزب لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات‌و لە باشووری کوردستان‌و ئەندامانی یەکیەتییەکانی لاوان، ژنان، خوێندکاران‌و دۆستان‌و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ڕەوتی ئەم حەرەکەتەدا ئەوپەڕی فیداکاریان لە خۆیان نیشان داو هەرکام بە جۆرێك و بە پێی ئەرکی دیاریکراویان بە دڵسۆزیەوە هاوکارو پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی حیزب بوون، ئاماژەیان بە هێندێ کەم‌و کووڕی لەو بارەوە کردو ڕێبەری حیزبیان ڕاسپارد ئەو دەسکەوتە بپارێزێ و بە لەبەرچاوگرتنی هەل‌و مەرجی ناوچەو ئێران، بەپێی توانا بۆ بەرەوپێشبردن‌و شوێندانەرتر کردنی ئەو حەرەکەتە هەنگاو هەڵبگرێ‌و بۆ ئەو مەبەستە بەرنامەی گونجاوی هەبێ کە یارمەتیدەری گەشەکردنی زیاتری بزووتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بێ، هەروەها پلینۆم پێزانینی خۆی بۆ هەڵوێستی هەموو ئەو حیزب، ڕێکخراو، NGO، کەسایەتی‌و لایەنانە دەربڕی کە لە ڕەوتی ئەو حەرەکەتەدا بە شێوەی جۆراوجۆر پشتگیری حیزبی دێموکراتیان کردو حەرەکەتەکەیان بەجێ‌و بەرحەق‌و بە هەنگاوێکی شوێندانەر زانی.

دوایین بڕگەی کاری دەیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسێکی گشتی لەسەر وەزعی کاروباری حیزب لە چەند بوارەوە بوو. لەو بارەوە بەشدارنی پلینۆم بە دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ هەرکام لە باس‌و بابەتەکان بڕیاری پێویستیان بۆ دان.

دەیەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی پاش ٣ ڕۆژ کاری بەردەوام، دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٧ی ژولای ٢٠١٥ی زایینی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٣٩٤/٥/٥ی هەتاوی
٢٠١٥/٠٧/٢٧ی زایینی

# بەشداری شاندی حیزبی دێموکرات لە یەکەمین ساڵڤەگەڕی کارەساتی شەنگال



ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری حیزب بەشداریان لە یەکەمین کۆڕیادی ساڵڤەگەڕی کارەساتی شەنگال لە هەولێر کرد.

هەر بەم بۆنەوە پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات پێشکەس بە ئامادەکارانی کۆڕیادەکە کرا.

هەروەها بە بۆنەی یادی ئەو کارەساتە و ڕۆڵی پێشمەرگەوە دوو بەرهەمی ئۆرگستراى مامۆستا دڵشاد سەعید خرانە بەرچاو کە کاریگەری بەرچاوی لە سەر بەشداربووان دانا.

لە پەراوێزی ئەو کۆڕیادەدا شاندی حیزب چاوی بە چەندین لایەن و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد کەوت.

# بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لە دوویەمین ساڵیادی کۆچی دوایی فەلەکەدین کاکەیی



ڕێکەوتی ٨ی گەلاوێژ کۆڕیادێک بەبۆنەی بیرئانینی کۆچی دوایی فەلەکەدین کاکەیی کەسایەتی ڕووناکبیری کورد، لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو.

لەو ڕێورەسمە ماتەمینییەدا شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بەشدار بوو.

لەو کۆڕیادەدا پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی دوویەمین ساڵیادی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە پێشکەش کراوە.

# هەڵوێستی یەکیەتی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تێکدانی نوێژخانەی سوننە مەزهەبەکان

مامۆستایانی ئایینی جیهانی ئیسلام و کوردستان
موسوڵمانانی بەڕێز

بەپێی زانیارییەک کە لە سایتی سوننی ئانلاینەوە بڵاو بووەتەوە، ڕێژیمی دژە ئایینی کۆماری بە نێو ئیسلامیی ئێران ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٧ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، دەستی بە ڕووخاندنی تەنیا شوێنی نوێژکردنی موسڵمانانی سوننە مەزهەب لە تاران کردووە و ئەمە لە حاڵێکدایە کە زیاتر لە چوارملیۆن سوننە مەزهەب لەو شارەدا نیشتەجێن، دیارە ئەو کردەوە و کارانەی ئەم ڕێژیمە دژە مرۆییە تازەگی نییە و هەر لە سەرەتای دامەزرانی بە سەدان جار بێ‌ڕێزی بە شوێنە پیرۆزەکانی مەزهەب و ئایینە جیاوازەکان کردووە و هەر لە ڕووخاندنی مزگەوتی سەڵماسەوە بگرە هەتاکوو تێکدانی شوێنە پیرۆزەکانی ئایینە جیاوازەکان.

ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ساڵانە ئەو ڕێژیمە بۆ فریودانی خەڵکی ساویلکەی ئێران و جیهانی ئیسلامی باس لە وەحدەت و یەکبوون دەکات، یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران وێڕای ئیدانەکردنی ئەو کردەوە دژە ئایینییەی کۆماری بە ناو ئیسلامیی ئێران، داوا لە هەموو مامۆستایانی ئایینی جیهانی ئیسلامی و موسڵمانانی کوردستان دەکات لە بەرانبەر ئەم هەڵویستەی ڕێژیمی ئێران بێ‌دەنگ نەبن و دەنگی نارەزایەتی خۆیان دەربڕن کە ئەوە ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقییە.

یەکیەتی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران
گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی

# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی کۆتایی کۆنگرەی ٨ی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، ڕێورەسمی کۆتایی کۆنگرەی ٨ی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە ژێر دروشمی « ئەمرۆ خەبات دەکەین بۆ ئەوەی سبەی بەئازاد بژین» پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام، بەڕێوە چوو. ئەو ڕێورەسمە بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانی بەڕێوەبەری یەکیەتی لاوان و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە بنکەی سەرەکی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێورەسمی کۆتایی کۆنگرەی ٨ی یەکیەتی لاوان بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان پەیامی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتایی کۆنگرە ٨ لەلایەن «ئەمین ئیبراهیمی» ئەندامی بەڕێوەبەری یەکیەتی لاوانەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا، «جەلال ڕەوانگەرد» سکرتێری یەکیەتی لاوان بۆ ڕێز لێنان لە هەوڵ و ماندووبوونەکانی «فوئاد خاکی بەیگی» سکرتێری پێشووی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەپکە گوڵێکی پێشکەش کرد.

لە درێژەی ئەو ڕێورەسمەدا، «جەلال ڕەوانگەرد» سکرتێری یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی سەبارەت بە کۆتایی کۆنگرەی ٨ی لاوان پێشکەش کرد.

پاشان چەند سروودی کوردی لەلایەن گرووپی مووزیکی حیزبی دێموکراتەوە پێشکەش کرا.

# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بوردومانکردنی بنکەکانی PKK

لە کاتێکدا کە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆبوونەوەیەکی ئاسایی خۆیدا بوو ئاگادار کرایەوە کە کاتژمێر ١١ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ٢٠١٥/٧/٢٤ی زایینی بەرانبەر بە ٢ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ئەرتەشی تورکیە هێرشیان کردە سەر بنکە و گریلاکانی P.K.K لە هەر دوو دیوی سنوور لە ئامێدی و قەندیل کە زیانی گیانی و ماڵی لێکەوتەوە و بوو بە هۆی مەترسی شکاندنی ئەو ئاگربڕەی کە لە نێوان حکوومەتی تورکیە و P.K.Kدا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ڕەوتی ئاشتی کە دوو ساڵ لەوەپێش لە نێوان P.K.K و حکوومەتی تورکیە دەستی پێکردبوو.

زۆر ئاساییە کە هەر جۆرە هێرش و پەلامارێك بە دوور لەوەیکە کام لایەن دەستپێشخەری کردووە زەبری قورس لەو ڕەوتە ئاشتییە دەدا کە کۆمەڵانی خەڵکی تورکیە و ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەو وڵاتە بە ئومێدی چارەسەری کێشەکانیان هیوایان پێ بەستووە. گومان لەوەدا نییە کە هەڵگەڕانەوەی ڕەوتی ئاشتی بۆ شەڕو پێکدادان لە بەرژەوەندی گشتی هیچ لایەکدا نییە بێجگە لە قوربانی وەرگرتنی زیاتر و وێرانی پتر.

کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیواداره هەر دوولایەن بە هەست بە بەرپرسایەتی زیاترو لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی گشتیی و لە پێناو وەگەڕخستنەوەی ڕەوتی ئاشتیدا لە هەر حەرەکەتێکی دژ بە دیالوگ و ڕەوتی ئاشتی خۆ ببوێرن و هەر جۆرە هێرش و پەلامارێك ڕابگرن و ئەرکی هەموولایەکیشە بۆ ڕاگرتنی هەر حەرەکەتێکی دژ بە ڕەوتی ئاشتی یارمەتیدەر بن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی
١٣٩٤/٥/٤ی هەتاوی
٢٠١٥/٧/٢٦ی زایینی

# یەکیەتی ژنان سەردانی مەقەڕی پێشمەرگەکانیان لەناوچە سنوورییەکان کرد

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٤ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، ژمارەیەک لەئەندامانی یەکیەتی ژنان بە هاوڕێیەتی ئەندامانی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێکخراوەیە، بنکە و مەقەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتیان لە ناوچەی سنووری کێلەشین بەسەر کردەوە.

سەردانی پێشمەرگە و فەرماندەکان لەستادی فەرماندەیی شەهید قادر کەریمی و سەردانی چەندین پەل و



مەقەڕی دیکە لە چالاکییەکانی یەکیەتی ژنان لە بەرەبەریی ٢٥ی گەلاوێژ یادی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتدا بووە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی ئاگاداربوون لەدۆخی پێشمەرگەکان و نوێ کردنەوەی پەیمانی وەفاداری بە ڕێبازی دێموکرات سەردانی شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکانیان لەناوچە سنوورییەکان کردووە.

## لە سەدا ٣٧ی بریندارانی تەقینەوەی مین لە کوردستان تەمەنیان کەمتر لە ١٥ ساڵە

کارناسێکی کورد، لە توێژینەوەیەکدا بڵاوی کردووەتەوە، لە سەدا ٣٧ی ئەو کەسانەی کە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی کەوتوونەتە سەر مینە چێنراوەکانی سەردەمی شەڕی ڕێژیمی ئێران و عێراق و بریندار بوون، کەمتر لە ١٥ ساڵ تەمەنیان هەیە.

لە توێژینەوەی دکتور حوسێن محەممەدزادەدا هاتووە کە لە سەدا ٩٥ی بریندارەکانیش پیاون وبەپێی دوایین زانیارییەکان، کاریگەری مینە چێنراوەکانی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق هەتا ٥٠ ساڵی داهاتوو بەردەوام دەبێت».

بە وتەی ناوبراو، «لەسەدا ٩/٧ لە مینە بەجێ‌ماوەکانی سەردەمی شەڕ لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگاکانە و لە سەدا ٨٠ی لە گوندەکان و لە سەدا ١٧ی لە شارەکان دایە».

هەر لەمبارەوە ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژ، لە نزیکی گوندی «لەنگریز» سەر بە شارستانی سەولاوا بە هۆی تەقینەوەی مین، کوڕێکی تەمەن ١٣ ساڵ بە ناوی «بێهزاد ئیبراهیمی» گیانی لە دەست دا و منداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵیش بە ناوی «فەرشاد یەعقووبی» بە توندی بریندار بوو.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن لەسەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئێستا ١٦ هاووڵاتی کورد لەپارێزگا کوردنشینەکان بوونەتە قوربانی مینە چێنراوەکان کە لە نێوان قوربانیاندا کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ و دوو منداڵی کەم تەمەن دەبیندرێت.

ئامارە فەرمییەکان باس لەوە دەکەن، زیاتر لە ٢٠ میلیۆن مینی دژە نەفەر لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگاکانی (سنە، کرماشان، ورمێ، ئیلام و خوزستان) بوونی هەیە.

## مەترسیی دووپات بوونەوەی ڕووداوی تێزاب پژاندنەکەی بۆکان لەشاری سەقز

پاش ڕووداوی پژاندنی تیزاب لەشاری بۆکان بە جەستەی چەند ژن و کچێکدا، ماوەیەکیشە بنەماڵەی چالاکانی سیاسی کورد لە سەقز کەوتوونەتە ژێر هەڕەشە و فشاری کەسانێکی تایبەت و نەناسراو و لە ڕێگەی کورتەنامە و تەلەفوونەوە هەڕەشەی زۆر توندیان لێکراوە.

کەسانی ئاگادار و تەنانەت چەند بنەماڵەیەکیش وێڕای ناردنی نێوەڕۆکی کورتەنامەکان بۆ ماڵپەڕی کوردستان میدیا باسیان لەوە کردووە، کە ئەو کورتەنامانە ماوەی چەند حەفتەیە بەردەوامی هەیە.

بەپێی ئەم هەواڵە کورتەنامەکان بۆ بەشێک لە بنەماڵەی چالاکانی سیاسی ڕەوانە کراوە بەڵام لە نێویاندا زۆرترین کورتەنامە و هەڕەشە لەو بنەماڵانە کراوە کە کەسێکی زۆر نزیکیان لە نێو ڕیزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دان.

لە کورتەنامەکاندا هاتووە، «ئێوە بە حوکمی ئەوەی کەسێکتان لە نێو حیزبی دێموکرات دایە و زیدی ئینقلابن لە داهاتوویەکی نزیکدا دەکەونە بەر هێرشی تێزاب پژاندن».

ڕووی هەڕەشەکانیش زیاتر لە کچان و ژنانی بنەماڵەکان بووە و ئەو هەڕەشانە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لای بنەماڵەکان دروست کردووە و بە پارێزەوە هەڵسوکەوت دەکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بۆ کوردستان میدیا باسی لەوە کرد کە ئەو کارە بە دڵنیایەوە هاوچەشنی ڕوداوەکەی شاری بۆکان دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانی لە پشتە.

ناوی ئەو بنەماڵانەی کە هەڕەشەیان لێکراوە، هەروەها ئەو ژمارە تەلەفوونەی کە کورتەنامەکانی پێ ڕەوانە کراوە لای ماڵپەڕی کوردستان میدیا پارێزراوە.

## هێزە ئینتزامییەکان لەناوچەی شلێر کۆڵبەرێکی کوردیان دایە بەر دەستڕێژ

کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عەلی وەیسی» لە ناوچەی سنووری شلێر، لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی ئێرانەوە تەقەی لێکراوە و فیشەک بەر پشتی کەوتووە و بە توندی بریندار بووە.

دەوترێت ئەم هاووڵاتییە کوردە تەمەنی ٣٤ ساڵە و خاوەنی ٢ منداڵە و بارودۆخی تەندروستی ناجێگیرە و هێزە ئینتزامییەکان بە برینداریی دەستبەسەر و پاش چەند کاتژمێرێک ڕەوانەی ناوەندە پزیشکییەکانیان کردووە.

هەروەها ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژ لە ڕەبەت چەکدارێکی سەر بە ڕێژیم هاووڵاتییەکی بە ناوی «محەممەد وەستا ڕەحمانی» لە بەردەم مزگەوتی «جامیعە»ی ئەم شارە بریندار کرد.



## دژایەتی لەگەڵ ئازادیی مەرجداری کەبوودوەند کرا

دادوەری تاران لەگەڵ داواکاریی بەرپرسی زیندانی ئێوین بۆ گۆڕینی دۆخی زیندانی کەبوودوەند و ئازادیی مەرجداری ناوبراو دژایەتی کردووە.

بەرپرسی زیندانی ئێوین لە کۆتایی مانگی ڕابردوودا داوای لە دادستانی تاران کردبوو کە ئاڵوگۆڕ بە سەر بارودۆخی زیندانی سیاسی کورد محەمەد سدیق کەبوودوەنددا بێنێت و بە شێوەی مەرجدار ئازاد بکرێت.

ماڵپەڕی ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لەم بارەیەوە ڕایگەیاندووە: لە وەڵامی داواکاریی بەرپرسی زیندانی ئێوین دادستانی تاران وتوویەتی: داواکاریی ئێوە لە ڕێکەوتی ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٩٤هەتاوی، سەبارەت بە ئازادی مەرجداری محەممەد سەدیق کەبوودوەند دژایەتی کراوە.

محەممەد سەدیق کەبوودوەند ڕێکەوتی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٦ی هەتاوی دەسبتەسەر و بە تۆمەتی «هەوڵدان دژی تەناهیی نەتەوەیی لە ڕێگەی دامەزراندنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان» حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا و هەروەها بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام» لە ڕێگەی پێوەندی و قسەکردن لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و پیوەندی لەگەڵ کوفی عەنان سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وتووێژ لەگەڵ میدیاکان، یەک ساڵی دیکە زیندانی بۆ بڕایەوە.

حوکمی ١١ ساڵی زیندانی محەممەد سەدیق کەبوودوەند لە لقی ٦٥ی دادگای پێداچوونەوەی پارێزگای تاران، پشتڕاست کرایەوە و هەنووکە لە زیندانی ئێوین ماوەی حوکمەکەی تێپەڕ دەکات.

## دارستان و لەوەڕگەکانی چیای بەمۆ لە ئاگردا سووتان

ڕووبەرێکی زۆر لە لەوەڕگە و دارستانەکانی چیای بەمۆ لە کرماشان لەئاگردا سووتان.

بەپێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕێکەوتی ٥ی گەلاوێژ، دارستان و لەوەڕگەکانی چیای بەمۆ لەناوچەی سەلاسی باوەجانی ئاگریان گرت و خەسارێکی بەرچاو بە ژینگەی ئەو ناوچەیە گەیشتووە.

ئەو ئاگرکەوتنەوەیە بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە، چالاکانی مەدەنی و ژینگە پارێزیی دوای چەند کاتژمێر کونتڕۆڵ کراوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا ڕێکەوتی ١ی گەلاوێژیش، دارستانەکانی گوندی «کوپانە»ی سەر بە بەخشی «باینگان»ی جوانڕۆ ئاگریان گرتبوو.

هەروەها ڕێکەوتی ٦ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، دارستان و لەوەڕگەکانی چیای «ئالان»ی سەر بە سەردەشت ئاگری تێبەردراوە و زیانێکی زۆر بە ژینگەی ئەو شوێنە گەیشتووە.

سەرچاوەیەک باسی لەوە کردووە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ئاگرە لەلایەن کەس یان کەسانێکی هەلپەرەستەوە لە شێخە سوور، گرویس و ڕەزگە بەردرابێت.

ئاگرکەوتنەوەکە بە هەوڵ و تێکۆشانی دانیشوانی خۆجێی گوندەکان و پاش ٣ کاتژمێر کۆنترۆڵ کراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی گەلاوێژ، چیای ناسراو بە «دینارکێو» لە شارستانی ئابدانان و سەر بە پارێزگای ئیلام ئاگری تێبەردراوە و زیانێکی زۆر بە ژینگەی ئەو ناوچەیە گەیشتووە.

بەپێی دوایین ئامارە فەرمییەکان کە لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران، لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا ئیستا لانیکەم ٢٥ حاڵەتی ئاگرکەوتنەوە لەدارستان و لەوەڕگەکانی ئیلام ڕووی داوە.

لەلایەکی دیکەشەوە لە شاری مەریوان دەیان هێکتار لە دارستانەکانی «سەیفی سەروو» لە ئاگردا سووتاوە و ئاگرەکە بەشێک لە لەوەڕگە و دارستانەکانی «سەلەسی» و «چاوگ»یشی لەخۆگرتووە و زیانێکی بەرچاوی بەو دارستانانە گەیاندووە.

دەوترێت ئەو ئاگرکەوتنەوەیە بە هەوڵ و چالاکیی دانیشتوانی گوندەکانی سەیفی سەروو، سەلەسی، چاوگ و ئەنجومەنی سەوزی چیا کۆنترۆڵ کراوە.

## کۆچی دوایی باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١١ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، «حەسەن مەوالی»، باوکی شەهید مەنسوور مەوالی لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا، بە هۆی بەساڵاچوویی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

تەرمی مام حەسەن لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و خزم و کەسوکاری و دۆستانی بە خاک سپێردرا.

شەهید مەنسوور مەوالی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی «بامناوا» سەر بە شاری سنە لە دایک بووە. ناوبراو پاشان بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەیوەست بووە و لە ڕێکەوتی ٢ی بانەمەڕی ١٣٦١ی هەتاوی، لە شەڕێکی قارەمانانەدا بە دژی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە شوێنێک بە ناوی کەرەسی شەهید بوو و گڵکۆکەی لە کاشتەر دایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری مام حەسەن دەکات و خۆی بە شەریکی خەم و پەژارەیان دەزانێت.

## پێشمەرگەیەکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماڵاوایی لە ژیان کرد

شەوی دووشەممە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، «ڕەسووڵ عەلیزادە» پێشمەرگەی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە هۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

ڕەسووڵ عەلیزادە کوڕی «شوکری» ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی، لە گوندی «زەنگیاوێ» سەر بە شاری پیرانشار لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بوو.

ناوبراو لە سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزب پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و لە هێزی «سمکۆ»دا، لە کۆمیتە شارستانی شنۆ سازمان درا.

مام ڕەسووڵ ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شەڕ لەدژی داگیرکەرانی کوردستان لە گوندی خورینج سەر بە شاری پیرانشار بریندار دەبێت.

ڕەسووڵ عەلیزادە، ساڵی ١٣٦٥ هەتاوی لە مەئموریەتێکی حیزبیدا لە باشووری کوردستان بە توندی بریندار بوو و دوای ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕایەوە سەنگەری خەبات و تێکۆشان.

ناوبراو، کەسێکی تیکۆشەر و دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی جێگەی متمانەی حیزب و هاوڕێیان و خەڵکی ناوچەکە بوو.

تەرمی کاک ڕەسووڵ لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی نیشتمانپەروەر و هاوسەنگەرانی لە گۆڕستانی شەهیدانی حیزب لە جەژنیکان، بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەس و کاری «ڕەسووڵ عەلیزادە» دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## یاریزانێکی مێرمنداڵی کورد پێشەنگی تۆرنۆمێنتی ٢٠١٥ی نۆروێژی وەدەست هێنا

مێرمنداڵێکی کورد لە تۆرنۆمێنتی (یاری چەند لایەن) کاپی ٢٠١٥ کە لە وڵاتی نۆرویژ بەڕێوەدەچێت، وەکوو باشترین یاریزان دەست نیشان کرا.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تیمی مێرمنداڵانی تەمەن ژێر ١١ ساڵی ئێران کە لەگەڵ دوو تیم لە کاپی نۆروێژ بەشداری کردبوو، توانی لە دوو یاریی جیاوازدا لە بەرامبەر تیمی نۆروێژ سەرکەوتن بە دەست بهێنێت.

تیمی مێرمنداڵانی ئێران لە یاری یەکەم توانی ١٦گوڵ و لە یاری دووهەم ١٥گوڵ تۆمار بکات.

لە کۆتایی ئەو یارییانەدا، یادگار ڕۆستەمی یاریزانی کوردی خەڵکی شاری مەریوان بە تۆمارکردنی ٨ گوڵ وەکوو یەکێک لە باشترین گوڵکارەکانی ئەو کێبڕکێیە هەڵبژێردرا.

یارییەکانی کاپی نورویژ ، بە گەورەترین تۆرنۆمێنتی فووتباڵی دونیا دێتە ئەژمارکە بەبەشداری ٥٢وڵات، ١٦٣٩تیم و ٣٢هەزار تماشاچی بەشدرابووی هەیە بەڕێوە دەچێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە نەغەدە کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٥ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، عەلی ئیسماعیلپوور، ناسراو بە وەستا عەلی قەرەخان بە هۆی «سەکتەی مێشک» لە تەمەنی ٦٨ ساڵیدا ماڵاوایی لەژیان کرد.

تەرمی ئەو نیشتمانپەروەرە کوردە لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

وەستا عەلی قەرەخان یەکێک لە ئەندامانی دێرینی حیزبی دێموکرات بوو و لەساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی بە تاوانی هاوکاری و پێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستبەسەر و ١٥ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە و سەرجەم ئەو حوکمەی لە زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردا تێپەڕ کرد.

وەستا عەلی پاش ئازادبوونیشی لە زیندان هەر لەسەر ڕێبازەکەی سوور بوو و پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە کردبوویەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری عەلی ئیسماعیلپوور دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریک و بەشدار دەزانێت.

## چالاکێکی کرێکاری کورد بۆ تێپەڕاندنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی سنە کرا

چەند ڕۆژلەمەوبەر فەرزاد مورادی نیا لە لایەن دەزگا قەزاییەکانی ڕێژیم لە شاری سنە بانگهێشت و داوای لێکراوە کە بە مەبەستی تێپەڕاندنی ٣ ساڵ زیندان خۆی بە گرتووخانەی ناوەندی سنە بناسێنێت.

ئەو هاووڵاتییە سنەییە لەحاڵی حازردا بەدەست نەخۆشی هەناوەوە دەناڵێنێ.

ئەو چالاکە کرێکارییە لەلایەن لقی چواری دادگای پێداچوونەوەی شاری سنە بە ٣ سال زیندانی کردن حوکم دراوە.

مورادی نیا لەداگای سەرەتاییدا دوو ساڵ زیندانی بۆ بڕابوویەوە کە پاشان ئەو حوکمە بە تۆمەتی «ئەندامەتی لە کۆمیتەی هاوکاری بۆ پێکهێنانی دامەزراوە کرێکارییەکان و پڕۆپاگەندە بە دژی نیزام» بە سێ ساڵ زیندانی زیاد کرا.

ئەو هاووڵاتییە کوردە سەرماوەزی ١٣٩٣ی هەتاویش، لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێرانەوە لە سنە و لە ناو ماڵەکەی خۆیدا دەستبەسەر کرابوو و دوای ٢٥ ڕۆژ دەستبەسەریی بە دانانی بارمتەی ٧٠ میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی ئازاد کرابوو.

# پێشبینییەکەمان وەدی هات و لاوازبوونی ئێران دەرکەوت

**سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دیمانەیکدا لەگەڵ ئاژانسی «ئەنادۆلو» باسی لە ڕێککەوتنەکەی نێوان ڕێژیمی ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی کردووە و لە سەر چەندین بابەتی پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات و کوردستانی ئێران وەڵامی پرسیارەکانی ئەم هەواڵدەرییەی داوەتەوە کە ئەمە دەقی وتووێژی ئاژانسی ئەنادۆلو لەگەڵ بەرێزیانە.**



مستەفا هیجری دەڵێت هێزیان بردووەتە سەر سنوور و ویستوویانە بەشێك لە پێشمەرگەکانیان بچنەوە بۆ ڕۆژهەڵات و لەوێ لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندییان هەبێت و جەختیشی لەوە کردەوە بارودۆخی وڵاتی ئەوان لەگەڵ تورکیە جیاوازە. هیجری پێی وایە لە هەر وڵاتێک هەلی گونجاو هەبێ بۆ سیاسەت کردن ئەوە بەکارهێنانی چەک گونجاو نییە و لە تورکیە ئەو دەرفەتە بۆ کورد ڕەخساوە کە خەباتی مەدەنی بکات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو باس لەوە دەکات کە لە سەردانەکەیدا بۆ ئامریکا، ئەوان پێیان ڕاگەیاندوون کە بەپێی بارودۆخی هەر وڵاتیک یارمەتی کوردەکانی ئەو وڵاتە دەدەن. ئەو گوتی لە بەرنامەشمان دایە کە پەیوەندیمان هەبێ لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیەش دەڵێ «ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی خۆمان چاوەڕوانین هێشتا بەرقەرار نەبووە».

لەبارەی ڕێککەوتنی چەند ڕۆژی ڕابردووی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك کە لە ڤییەن لەسەر پرسی پرۆگرامی ناوکیی ئێران ئیمزا کرا مستەفا هیجری دەڵێت پرسی گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەی پیتاندانی ئۆرانیۆم لە نێوان ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك ماوەیەکی زۆرە دەستی پێکردبوو، بۆ ئەوان ئەنجامەکەی لە سەرەتاوە دەرکەوتبوو.

هیجری لەو ڕووەوە دەڵێت «من پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو کۆماری ئیسلامیی ئێران لەبەر ئەوەی لەباری ئابوورییەوە تووشی گیر و گرفتێکی یەکجار زۆر گەورە بووەتەوە، بۆیە ناچارە هەموو مەرجەکانی ڕۆژئاوا قبوڵ بکات بۆ ئەوەی کە بتوانێت گەمارۆکان لەسەر خۆی لابەرێت، لەو ماوەیەشدا کە زیاتر لە ساڵێکی خایاند و چەندین جار درێژکرایەوە لەگەڵ بڕگە جۆراوجۆرەکانی، ئێران هەوڵی دا دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنێت، بەڵام لە کۆتاییدا مەرجەکانی ڕۆژئاوای قبوڵ کرد، تەسلیم بوو بەوەی کە گەمارۆکان لەسەر خۆی لابەرێت و بتوانێت بارودۆخی ئابووری خۆی ساغ بکاتەوە، ئەو پرۆسەیە کە ئەنجامەکەی بووە هۆی ئەوەی گەمارۆکان بەسەر خەڵکی ئێران بسەپێنرێت و خەڵکەکەی تووشی گیر و گرفتێکی زۆر ببێتەوە لە بێکاری و بێ بەرنامەیی و ڕاوەستانی هەزاران پڕۆژەی خزمەتگوزاری لەناو ئێراندا هەموو ئەوانە ئەنجامی ئەو بەرزە فڕییانەی ئێران بوون بەوەی پیتاندنی ئۆرانیۆم بکات بۆ ئەوەی دەستی بە چەکی ئەتۆمی ڕابگات».

هیجری زیاتریش دەڵێت «وڵاتانی ڕۆژئاوا بە هاوپشتی لەگەڵ بەشی زۆری وڵاتانی دنیا پێشیان بە ئێران گرت و ناچاریان کرد بێتە سەر مێزی گفتوگۆ و ئەویش بە قەناعەت و دڵخوازی خۆی نەهاتە سەر مێزی گفتوگۆ، ئەوەشی ڕوویدا لە ڕێککەوتن لەسەر ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی پێیەتی، بەڵکوو پێی وایە دەبێت چەکی ئەتۆمی هەبێت و لە هەر دەرفەتێکدا بۆی هەڵبکەوێت ئەو بەرنامەیە درێژە پێدەدات، واتە ئەو مەسەلەیە لە ڕووی قەناعەت و باوەڕەوە نەبووە».

دەشڵێت دوو فاکتەری دیکەش لە پاڵ ئەوانی ترەوە هەن کە وایکردووە ئێران هەوڵی دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆم بدات، هیجری لەو ڕووەوە بۆ ئانادۆڵو دەڵێت «کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو دوژمنی گەورەی وەهمی بۆ خۆی دروستی کردوون، یەکەمیان کۆمەڵەی هێزەکانی سوننیین کە دەوروبەری ئێرانییان گرتووە و ئێران بە دوژمنی خۆی دەزانێت، دووهەمیان خۆرئاوا بەگشتی و بەتایبەت ئامریکا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوباوەڕە دایە کە دەیانەوێ بیڕوخێنن، بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتە ئەوەی بۆ پارێزگاری لەخۆی و حکوومەتەکەی چەکی ئەتۆمی بەدەستەوە بێت، ئەوەتا بینییمان لە دە پازدە ساڵی ڕابردوودا بە تەحەمولی هەموو گەمارۆکان و پەراوێز کەوتنی لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەی گشتی ناوچەکە، زیانێکی زۆر گەورە بۆ خۆی و خەڵکەکەی بەدی هێنا، بەڵام لە کۆتاییدا ئێران تەسلیم بوو و بەناچاری ئەو ڕێککەوتنەی ئیمزا کرد».

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بەگشتیش پێی وایە کە «ئەو ڕێککەوتنە ئەگەر بەپێی ئەو بەڵێنانەی ئێران داویەتی و بەپێی ئەو مەرجانەی کە ڕۆژئاوا بۆیان داناوە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆم ڕانەگات ئەوا بۆخۆی و سەقامگیری ناوچەکە و دونیا باشە، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی بەو مەسەلەیە نییە و بە پێویستی دەزانێت چەکی ئەتۆمی بەدەست بێنێ، بەڵێنەکانی جێی ئیعتیبار نییە، هەروەك لە ڕابردوودا بەڵێنی دا و جێبەجێی نەکرد».

هاوکات لە ڕوویەکی دیکەوە پێی وایە ئێران لە ڕێگەی ئەو ڕێککەوتنەوە پارەی زیاتری وەدەست دەکەوێت و کاولکاری زیاتر دەقەومێنێت، ئەو دەڵێت «لەلایەکی دیکەوە لاچوونی گەمارۆکان دەبنە هۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار کە پارەی خۆیەتی و لە بانکەکانی دنیایە ئازاد ببێت و نەوت دەفرۆشێت و لە ڕووی ئابوورییەوە دەستی پڕ دەبێت و دەست پڕ بوونیشی واتە یارمەتی زیاتری هاوپەیمانانی خۆی وەکو ڕێژیمی بەشار ئەسەد و شیعەکان لە عێراق و حیزبوڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن دەدات، بەگشتی ئێران گرووپەکانی تیرۆریستی لە ناوچەکە بەهێز دەکات و ئەوەش دەکاتە شەڕ و ئاوارەیی و کوشتاری زیاتر کە ئێران ئەمە لە قازانجی خۆیدا دەبینێت، بۆیە لەمەودوا شەڕ و ئاژاوە و کوشتار و وێرانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست زیاتر دەبێت و ئەوە هۆکارێکە لە دەستی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بۆ یارمەتیدانی ئابووری زیاتر بە هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا».

لە وەڵامی ئەوەیکە ئەو ڕەشبینییەی ئەوان لەسەر ڕێککەوتنەکە کە سەرۆکی ئامریکا و ئێران و چەندین وڵاتی دیکەش بە پۆزەتیڤییان زانی، مستەفا هیجری دەڵێت «ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئەزموونی زیاتر لە سی ساڵەی ڕابردوودا ئەزموونێکی سەرکەوتووی دابا لەوەی دەیەوێ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نزیك بێت و لەگەڵ خەڵکی نێوخۆی ئێران و دراوسێکان تەعامول بکات ئەوا ئەوان دەیانگوت ئەو ڕێککەوتنە بە قازانجی خەڵکی ئێران تەواو دەبێت، بەڵام ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیانە پێچەوانەی ئەو چاوەڕوانییەیە کە پێیان دەڵێت».

مستەفا هیجری لەو ڕووەوە ڕایدەگەیەنێت «پاش شەڕی هەشت ساڵەی ئێران لەگەڵ عێراق و پەسەند کردنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرپرسانی ئەو وڵاتە دەستیان کرد بەکوشتاری زیندانییانی سیاسی لە نێوخۆی ئێراندا، زەبر و زەنگ بۆ سەر خەڵك زیاتر بوو، لەو کاتەشەوە دەبینین ئەگەر ئاڵوگۆڕ کرابێت بەرەو دواوە و بەستراوەیی و توندوتیژییە، بەتایبەت لە باری ئایدۆلۆژییەوە هەرچی پڕەنسیپەکانی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندی کردووە کۆماری ئیسلامیی ئێران دژیەتی، ئەوەی ئێران باوەڕی پێیەتی دژی مافەکانی مرۆڤە، ئەو ئامادە نییە تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە بکات تەنانەت ئامادە نییە ئەوانەی لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکار و وەفادار بوون کەمترین بۆچوونی جیاوازیان هەبێت، ئایەتوڵڵا مونتەزری نموونەی ئەوانەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بێحورمەتییان پێدەکات تەنها لەبەر کەمترین جیاوازی بیروبۆچوونیان، بۆیە کۆماری ئیسلامی بەرەو کرانەوە و دیموکراسی و تەعامول لەگەڵ دنیا و دراوسێیەکان هەنگاو نانێت، چونکە سیاسەت و بیروباوەڕ و دەستووریشی ئەوە بە ئێمە ناڵێت».

لە تەوەرێکی دیکەی هەڤپەیڤینەکەیدا لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری باسی سەردانەکەی ئەم دواییەی دەکات بۆ ئاڵمان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و دەڵێت «سەفەرەکە لە کاتی بەرەو پێشچوونی ڕێککەوتنەکەی ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەك بوو، لەگەڵ ئامریکا و ئەڵمانییەکان باسی ئەوەمان کرد کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ڕێککەوتنەکە چی لێ دێت، بۆ ئێمە گرینگە دنیا لەبارەی لەژێر پێنانی مافەکانی مرۆڤ بەتایبەت مافەکانی گەلی کورد تەنیا بینەر نەبێت، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەڵگرتنی گەمارۆکان لەسەری، بەدڵی خۆی یارمەتیدەری هاوپەیمانانی خۆی دەبێ بۆ دووبەرەکی و شەڕی زیاتر لە ناوچەکەدا».

هیجری دەشڵێت «لە نێو ئامریکاییەکان زیاتر لە کۆماری خوازەکان و بەشێکی دێموکراتەکان لەبارەی ئەو ڕێککەوتنەوە زۆر بەدبینین و پێیان وایە ئیمتیازی زیاتر بە کۆماری ئیسلامی ئێران دراوە و دەبوو مەرجی زیاتر بەسەر ئێران سەپانرابا، لەلایەکی دیکەوە باوەڕیان بە ئێران نییە و پێیان وایە لە هەر دەرفەتێکدا ئەو پرۆسەیەی پیتاندنی ئۆرانیۆم درێژە پێدەدا، هەندێکیان باسیان لەوە دەکرد پاش تەواوبونی حکوومەتی دێموکراتەکان کە ئۆباما سەرۆکایەتی دەکات، دەبێت ئەو ڕێککەوتنە نەمێنێت».

سەبارەت بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە لای ئامریکا و ئاڵمانییەکانەوە، مستەفا هیجری هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئەوان بە ڕوونی باسیان لەوە کردووە کە پێویستە کورد لەو پارچەیە یارمەتی زیاتر بدرێت، ئەو ڕوونی دەکاتەوە «ئەوان گوتیان دەبێت لەهەموو بەشەکان یارمەتی کورد بدرێت بەڵام بەپێی شوێن و جوڵانەوە و چۆنییەتی ڕەفتاری ڕێژیمەکەی دەبێ ئەو یارمەتییە بدرێت و لەوێدا کوردی ئێرانیش پێیان وابوو دەبێت زیاتر یارمەتی بدرێت».

دەشڵێت ئەوان تا ئێستا یارمەتی تایبەتییان نەداون، بەڵام داوایان کرد لە ڕەوشیان زیاتر ئاگادار بن و زیاتر پشتگیرییان بکەن لە ڕووی سیاسییەوە، گوتیشی «دیارە کوردی ئێران لە ڕووی سیاسییەوە دەبێت زیاتر هەوڵ بدەین و زیاتر دنیا شارەزا بێت لەوەی بەسەر کورد دێت».

سەبارەت بە پەیوەندیی حیزبەکەیان بە وڵاتانی عەرەبییەوە مستەفا هیجری گوتی «تا ئێستا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ئێمە و وڵاتانی عەرەبی نییە، هەرچەندە پێمان وایە وەکوو حیزبێکی سیاسی کە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەبەین پێویستە لەگەڵ هەموو وڵاتانی دنیا بەتایبەت وڵاتانی ناوچەکە پەیوەندیمان هەبێت کە لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکەن و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی ئێران و خەڵکەکەی هەیە، بەتایبەت عەرەبەکان، بەڵام ئەوان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ نەبەستووین، ئێستاش پێمان وایە پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەبێت هەبێت، لە بەرنامەماندا هەیە پەیوەندییمان هەبێت».

هەرچی دەربارەی پەیوەندییەکانییانەوەیە لەگەڵ تورکیا گوتی «لەگەڵ تورکیە ئەو پەیوەندییە دیپلۆماسییەی خۆمان چاوەڕوانیین هێشتا بەرقەرار نەبووە، بەڵام دەستمان پێکردووە لە هەندێ کەناڵەوە چووینەتە پێشەوە و هیواداریین زیاتر بچینە پێشەوە و پەرەی پێبدەین».

سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان هێزیان بردووەتە سەر سنوورەکانی ئێران و دەڵێت «ئێمە وەکوو سیاسەتی گشتی لە سەرەتاوە پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا لە ئێران خەباتێکی چەکداری چەندین ساڵەمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبووە. لەو دەمەوە تا ئێستا خەباتی چەکداریمان وەکوو بەشێك لە خەبات ڕەت نەکردووەتەوە و هەمیشە باسمان لەوە کردەوە خەباتی چەکداری دەبێت ڕێبەرایەتی حیزب بڕیاری لەسەر بدات کە قازانجە وەکوو خەبات، بەپێی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و بارودۆخی نێو کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ستەمەی لەسەر کوردی ئێراندا کردوویەتی هەوڵمان داوە پێشمەرگەکان نزیك بکەینەوە و بیانبەینە سنوورەکان و ئەگەر گونجاو بوو بەشێوەیەک بیاننێرینەوە بۆ ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵك لە پەیوەندیدابن، بۆیە دەستمان پێکردووە».

لەبارەی خەباتی چەکداریشەوە هیجری ڕەتی دەکاتەوە وازیان لێ هێنابێت، ئەو بۆ ئانادۆڵو دەڵێت چەك وەك ڕزگاریدەری کورد لەخەباتەکەماندا نازایین لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا، بەڵام چەك دەتوانێت وەکوو بەشێك لە خەبات بێ دەتوانێ شوێندانەری هەبێت، ئێستا ئەو ڕۆڵە دەبینین لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە خزمەتی سیاسەتی حیزب بچێتە پێشەوە».

هیجری لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە لە کاتێکدا لە تورکیە هەوڵی چەکدانان دەکرێ بۆ پەکەکە کەچی ئەوان تازە بە تازە چەک وەکوو گوشارێک بەکار دێنن گوتی: «ئەمە بۆ تورکیە جیاوازە و لەوێ بواری خەباتی مەدەنی هەیە و کورد بە هەڵبژاردن دەتوانن نوێنەری خۆیان ببەنە پەرلمان، هەدەپە بەشێکی زۆری شارەوانییەکانی کوردنشینی بەدەست هێنا و ژمارەیەکی زۆری کورسی لە پەرلمان وەدەست هێنا، بۆیە لە هەر جێگە یان شوێنێکی کوردستان ئیمکاناتی خەباتی مەدەنی هەبێت نابێت خەباتی چەکداری بکات، بەڵام لە بەشێك کە خەباتی مەدەنی مەجالی نییە دەکرێت سوود لە خەباتی چەکداری وەربگرین، ئەگەر وەکوو تورکیە بوایەین ئەوا ڕەنگە بڕیارێکی ترمان دابایە».

هیجری دەربارەی ئامادەییان بۆ دانیشتن و گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەڵێت «ئێمە هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران پێشنیاری وتووێژمان کردووە، ئەو کاتە بوو کە دەستەی نوێنەرایەتی کورد لە کوردستان بە هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەندێك لە هێزە سیاسییەکانی دیکە کە لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی ئێراندا بوون، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو کاتە دەریخست باوەڕی بە دیالۆگ نییە و دەیەوێ هێزەکانی کۆ بکاتەوە، دوای ئەوەی هێزەکانی کۆ کردەوە هێرشی کردە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام ئێمە دوای ئەوەش هەوڵمان داوە لە ڕێگەی دیالۆگەوە کێشەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران چارەسەر بکەین، ئەوە بوو بینیمان شەهید د. قاسملوو و شەهید کاك عەبدوڵڵا قادری ئازەر لەسەر داوەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لەسەر مێزی گفتوگۆ شەهید کران کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر یادمان کردەوە».

دەشڵێت «کێشە ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران باوەڕی بە مافی نەتەوەکان و مافی کورد و ئازادی و دێموکراسییەت نییە، خۆزگە باوەڕی ببایە تا بمانتوانیبا کێشەکان چارەسەر بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێك هەست بکەین کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ کێشەی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە ڕێگەی باس و گفتوگۆوە چارەسەر بکات، ئێمە ئامادە دەبین بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوومان».

لە بارەی بوونی هەوڵی نێوەندگیریش بۆ دانیشتن هیجری گوتی «لە ساڵانی ڕابردوودا لەوبارەیەوە هەوڵ دراوە دۆستانی ئۆروپاییمان کە دۆستی ئێمە و کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون ویستیان ئەو دانیشتانە هەبێت سەرەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران پێیان باش بوو، دوایی کە زانییان جیدی بووین ئەوان پەشیمان بوونەوە، بەڵام لەم سەردەمە نوێیەدا داوامان نەکردووە، چونکە ئێران بۆ وتووێژ و دیالۆگ جیددی نییە».

دەربارەی هەوڵەکانی یەکگرتنی هەردوو حیزبی دێموکراتیش مستەفا هیجری گوتی «ئەگەری دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان هەیە و لەلایەن خۆمانەوە خوازیاری وتووێژین، لایەنی بەرامبەر هەرچەند ڕایاننەگەیاندووە وتووێژ ناکەن، بەڵام ئیدی هەر دوادەکەوێت، بۆیە هەوڵ دەدەین قبوڵی بکەن دووبارە دابنیشینەوە لەسەر گفتوگۆکان، ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەین ئۆرگانی زۆر سەرەوەتری ئێمەیە وەکوو کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە، پێمان وایە ئێستا کاتی ئەوەیە لەم بارودۆخە کە ناوچەکە لە گۆڕاندایە و شتی نوێ پاش ڕێککەوتنەکە لە ئێران دیتە ئاراوە دەبێت یەکبگرینەوە بۆ ئەوەی هێزێکی یەکگرتووتر بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بین».

# بەرەو ٧٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات

## دیپلۆماسییەکی سەرکەوتوو بەرهەمی سیاسەتێکی واقعبینانەیە

**محەممەدنەزیف قادری**

سیاسەت و دیپلۆماسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە دروشم و هەڵوێست و ڕوانگەی سیاسی حیزبیدا وەك بەهایەکی ئینسانی و مێژوویی ڕەنگی داوەتەوە. لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی( ١٦ی ئاگۆستی ١٩٤٥ی زایینی ) کە حیزب دامەزراوە تا هەنووکە کە ٧٠ ساڵ لە تەمەنی پڕ لە شانازی ئەم حیزبە تێکۆشەر و دێموکراتە تێدەپەڕێ، بە درێژایی ئەم مێژووە پڕ لە سەروەری، شانازیی و ئەو هەموو هەوراز و نشێوە کە حیزب لە گۆڕەپانی خەبات لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆر و کۆنەپەرەستەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەها سیاسی، نەتەوەیی و مرۆییەکانی پاراستووە و لەسەر ئەو بنەما فیکرییانە کە شیاوی جووڵانەوەیەکی مافخوازیی و پێشکەوتووخوازانەیە، جەختی کردوەتەوە. لە هەمان کاتدا ڕێچکە و ڕێبازێکی لە سیاسەت و دیپلۆماسی و شێوازی خەباتی خۆیدا هەڵبژاردووە کە لەگەڵ ئەو یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییانە و مەنشووری جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بانگەشەی بۆ دەکا، بە تەواوی یەك دەگرێتەوە.

لەم پێوەندییەدا ئەگەر ئاوڕدانەوەیەکی کورت بە پێوەندییەکانی حیزب لە ئاستی نێوخۆیی و هەرێمی و نێونەتەوەیی بدەینەوە، ڕاستی ئەم پێوەندییانە دەردەخا. لە هەرکام لە قۆناغە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کورد بەگشتی و جووڵانەوەی مافخوازی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کاتی دامەزراندنیدا کە ڕێبەرانی حیزب بە تایبەت پێشەوا قازی محەممەد لە سەفەرەکانی بۆ باکوو پێتەختی کۆماری ئازەربایجان لە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو و سەردانەکانی بۆ تەورێز و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ ڕێبەرانی دەوڵەتی میللی ئازەربایجان و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی لە تاران و مەهاباد لەگەڵ هەیئەتەکانی دیاریکراو بۆ دیالۆگ لەگەڵ پێشەوا و نوێنەرانی کورد، دیپلۆماسی کورد و حیزبی دێموکرات کە ئاڵاهەڵگری ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد بووە لەسەر بنەما و پێوەرەکانی ڕێزی بەرانبەر، باوەڕبەخۆبوون، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان، ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، ڕەتکردنەوەی بەستراوەیی سیاسی و... بونیاد نراوە. لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا دیپلۆماتەکانی یەکیەتی سۆڤییەت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتی میللی ئازەربایجان هەموو هەوڵیان ئەوە بوو پرسی کورد و چارەنووسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە بەشێك لە کۆماری ئازەربایجانی ئێران، پێشەوا قازی محەممەد زۆر بوێرانە لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەدا ڕاوەستا و ملی بەم بەستراوەیە سیاسییە نەدا و تا سەرئەنجام قبوڵی بڕیاری دیاریکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کوردیان پەسند کرد و دەوڵەتی جمهوری کوردستان ڕاگەیەندرا و دیپلۆماسی و دیالۆگ بۆ لێکگەیشتن بەرەو ئاشتی و پێکەوەژیان و ڕێز لە سەروەری نەتەوەیی گەلان لە خەباتدا، بۆ گەیشتن بە مافە سیاسییەکانیان، بوو بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لەم پێوەندییەدا زۆر کەس لە گەڕیدە بیانییەکان و دیپلۆماتە ڕۆژئاواییەکان سەرنج و تێبینییەکانی خۆیانیان نووسیوە و بڵاوکردوەتەوە. لەم بارەوە یادداشتەکانی جۆرج ئالەن باڵوێزی ئەوکاتی ئەمریکا جێی سەرنجن و لە سەفەری مانگی پووشپەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی پێشەوا قازی محەممەددا بۆ تاران ئەو وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت لە تاران و دیداری لەگەڵ دیپلۆماتە بیانییەکان لە خوێندنەوە و ڕوانگەی واقعبینانەی پێشەوا قازی محەممەد و شاندی هاوڕێی قسە دەکا. بە تایبەت لە دیداری لەگەڵ باڵوێزی بریتانیا و لەگەڵ ئارچی ڕۆزڤێلت چاوپێکەوتنی بووە. ڕۆژنامەکانی ئەو کاتی ئێرانیش «رهبر و ایران» کە وتوویژیان لەگەڵ کردووە باسی سیاسەتی حەکیمانە و دیپلۆماسی ژیرانەی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووەیان کردووە. ئەم ڕوانینە وردبینەش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی پەروەدەیی و ئەو دۆستایەتییەی لەگەڵ میسیۆنی ئایینی ئەمریکایی کە لە ژێر چاوەدێری میللەرMr: Mller لە شاری سابلاغ و دۆستایەتی بەردەوامی لەگەڵ دوکتور شالکی Dr: Shalekئاڵمانی لەسەر فەرهەنگی ڕۆژئاوا کە شوێندانەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر پێشەوا و دیپلۆماسی حیزب و ڕێبەرانی داناوە. دوای ئەو قۆناغە و گۆڕینی شێوازی خەباتی حیزبی دێموکرات و دەستپێکردنی قۆناغی نهێنی، ڕێبەرانی حیزب هەوڵی خۆپێگەیاندن و لێکۆڵینەوە و زانیاری وەرگرتنیان لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەزموون وەرگرتن لە قوتابخانە فیکرییەکانیان وەرگرتووە کە ئامانجیان گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری و گەیشتنی کورد بە مافە ڕەواکانی بووە و ڕێبازێکیان بۆ دیپلۆماسی هەڵبژاردووە کە لە خزمەت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدایە و شێوازی مودێرنیان لە خەباتدا دیاری کردووە و ئەو دیاردە مەترسیدارانەیان وەك تیرۆر و بەکاربردنی زمانی زبر و نەفەر و فرۆکەڕفاندنیان ڕەت کردوەتەوە. بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی واقعبینانە سروشتییە پێڕەویی لە ڕێڕەوێك بکا کە ڕای گشتی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو بۆ لای خەباتی کورد و بەنێونەتەوەیی کردنی ئەم پرسە گرینگانە بکاتە هەوێنی دیپلۆماسییەتی خۆی. بە خۆشییەوە هەر ئەم کولتورە سیاسییە بوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کردە قوتابخانەیەك لە بەها مرووییەکان، لەم پرۆسەیەدا ڕێبەری مەزنمان دوکتور قاسملوو میعماری ئەم دیپلۆماسییە لە نەهادینەکردنی پرنسیپە مودێرنەکانی دیپلۆماسی لە بزووتنەوەی نەتەوەی کورددا پشکی شێری بەرکەوتووە و بوو بە سیمایەکی دیپلۆماتیك و هەڵکەوتووی کورد، بایەخدان بە دیالۆگ لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرانبەر و واقعبینی و هونەری قەناعەت پێهێنان لەم بابەتەدا لە خاڵە بنەڕەتییەکانی ڕوانگەی ئەم دیپلۆماتە گەورەیەن، بە خستنە بەرباسی ئەم کۆمەڵە پرسە، دیپلۆماسیەتی حیزب توانی ڕەوایی خۆی بسەلمێنێ لە هەموو بوارەکاندا.

مێژووی خەباتی خوێناوی و پڕ لە بەرخودانی کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی نەتەوەیی، ئەزموونێکی گرینگە کە ئەگەر لە هەر تاکێکی کورد بپرسی ڕات چییە لە پێکهێنانی کیانی کورد بە بێ ڕاوەستان دەڵێت ئەوەی خولیای من و هەموو گەلی کوردە سەربەخۆیی کوردستانە. حیزبی دێموکرات هەر لە کاتی دامەزراندنییەوە تا ئێستا هەوڵی گەیشتنی کوردی بە دەوڵەت و سەروەری نەتەوەیی داوە. لە چوارچێوەی دیاریکراودا لەگەڵ ئەوە فەلسەفەی سیاسی و هەوڵە دیپلۆماتیکانەشدا لەسەر یەك نەتەوە و یەك نیشتمانبوونی کورد جەختی کردوەتەوە. بۆچوونەکەشی ئەوە بووە ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو خاکە دابەش کراوە و نەتەوە لە یەك دابڕاوە یەك بگرنەوە ئەوە مافێکی بێئەملاوئەولای کوردە و ئەو دابڕان و لێکترازانە لە ئاکامی سیاسەتی پاوانخوازانە و دوژمنکارانەی نەیارانی کورد بووە. بۆیە گەیشتنی کورد بە دەوڵەتی نەتەوەیی، دەکرێ وەك فاکتەرێکی یاریدەدەر بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی و نەهادینەبوونی دێموکراسی لەبەرچاو بگیرێ. لەم پرۆسەیەدا بزووتنەوەی کورد بەردەوام لە بەرەی ئاشتی و دژی تیرۆریزم و عەقلیەتی شوینیزمی بووە. ئۆگری پێکەوەژیانە لەگەڵ گەلانی ناوچە و پێکهاتەکانی کوردستان. لەبەر تیشکی ئەم دیپلۆماسیە بووە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان ڕێککەوتنی مێژوویی ٧ خاڵیی مۆر کرد و لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران خەباتی هاوبەشی پێکهێنا و لە هەوڵی بەنێونەتەوەیی کردنی پرسی کورددا، لەسەر ئەو پرنسیپە سیاسی و دیپلۆماسییانە تێکۆشاوە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بە پێی بارودۆخی خۆیان بە مافەکانیان بگەن و لەم پێناوەدا دیالۆگ و لێکتێگەیشتنی بۆ فورمولی چارەسەری ئەو مەسەلەیە هەڵبژاردوە. هەر چەند ئەزموونێکی تاڵ و خوێناویشی لەم مەسەلەیەدا هەیە و چەندین سیاسەتڤانی گەورەی کورد لە پێشەوا قازی محەممەدەوە بگرە تا دوکتور قاسملوو لەسەر ئەم ڕێبازە شەهید کران و دوژمنانی کورد بە غەدر و خیانەت لەگەڵ بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات لە کوردستانی ئێران جووڵاونەتەوە و پێچەوانەی کورد و بەرەی پێشکەوتوو و ئاشتیخواز کە لە دیالۆگ بۆ ئاشتی کەڵك وەردەگرن، ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و یەك لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی دیالۆگەوە تاوانی گەورەی وەك شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو و دەیان تێکۆشەری ڕێبازی ئاشتییان ئەنجام داوە.

**لە بورای بەنێونەتەوەیی کردنی پرسی کورد**

دیپلۆماسی حیزب لە ئاشناکردنی ڕای گشتی بە پرسی کورد، هەڵکەوتەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەباتی کورد لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر و شوێندانەری بووە، هەروەك دەزانین داگیرکەرانی کوردستان هەوڵیان داوە پرسی کورد وەك مەسەلەیەکی نێوخۆیی وڵاتەکانیان باس بکەن و هەر جۆرە هاوکاری و هاودەنگی وڵاتانی دێموکرات و کەسایەتی و لایەنە مرۆڤ دۆستەکان لەسەر سیاسەتی نکۆڵیکردن لە پرسی پێکهاتە ئیتنیکی و ئایینییەکان و تاوانەکانیان دەرحەق بە مافخوازان و ئازادیخوازانی ئەو وڵاتانە بە پرسێکی نێوخۆیی زانیوە، بەڵام دیپلۆماسی حیزب پێچەوانەی ئەم هەوڵەی ڕێژیمە داگیرکارەکان بۆ لەقاودانی ئەو سیاسەتە بووە، تا بە پێوەندیگرتن بە لایەنە مرۆڤدۆستەکانەوە کە پرسی مافی مرۆڤ و دێموکراسی و دادپەروەری و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤیان لا گرینگە لە پشتیوانی ئەوان کەڵك وەر بگرێ.

لە یارمەتیە مرۆییەکانی دامەزراوەی خێرخوازی مادام میتران(فرانس لیبرتی)، ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور، ئینترناسیۆنال سووسیالیت و UNPO و دەیان دامەزراوە ئینسانی و کەسایەتی دیکە کەڵك وەرگرێ و دەنگی کورد و گوتاری کوردیان پێ بگەیەنێ و لە تەنگانەدا بە هانای کوردەوە بێن. کەسانێکی وەك د. بیرنادکوشنێرو د. فریدریك تیسۆو د. گرانژون لە کەسایەتیە پێشەنگەکانی

درێژەی لە لاپەڕە ٦ >>



شەهید د. قاسملوو * * شەهید عەبدوڵڵا قادری ئازەر

---

**ڕۆژەڤ**

### تورکیە، ئەمریکا و کوردەکان

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

ماڵپەڕی «ئیکۆنۆمیست» وتارێکی لە ژێر ناوی «تورکیە، ئەمریکا و کوردەکان، هاوپەیمانە دژوارەکان» بڵاو کردووەتەوە کە لە لایەن «بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا»ی ماڵپەڕەکەوە ئامادە کراوە. لە سەرەتادا هاتووە: «کاتێك لە سەرەتای حەوتووی ڕابردوو هەواڵی بەپەلەی ڕێککەوتنێك لە نێوان تورکیە و ئەمریکا لەسەر سووریە بڵاو بووەوە، وەکوو هۆکارێکی گۆڕانکەر پێشوازی لێکرا. بەڵام زۆر بە زوویی دەرکەوت کە ڕێککەوتنەکە ئاوێتەی ئەجێنداگەلێکی جیاواز و چەندفاقیانەیە.»

دواتر هاتووە: «لە ڕاستیدا، تورکیە بۆ چەندین حەوتوو بەرەبەرە بەرەو هەبوونی ڕۆڵێکی زیاتر لە هاوپەیمانی دژی داعش چووبوو، کە ڕەنگە ئەوە ئامانجی هێرشە خۆکوژییەکە بووبێ. هۆکارگەلێك لەئارادا بوون وەك زیاتربوونی مەترسی بەهێزبوونی پەیوەندی نێوان ئەمریکاییەکان و کوردەکان، ئەندامگیریی چالاکی داعش لە نێو شارە گەورەکانی تورکیە و نیگەرانی لەمەڕ ئەو زەبرەی خەریکە بە هۆی هەڵکردنی لەگەڵ داعش لە ناوبانگی تورکیە دەکەوێ. لە مانگی ژوئەندا، باراك ئۆباما لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا ڕەخنەی لە تورکیە گرت کە نەیتوانیوە پێش بە هاتووچۆی شەڕکەرانی بیانی و گواستنەوەی چەکوچۆڵ لە سنوورەکانیەوە بۆ نێو سووریە بگرێ.»

لە شوێنێکی دیکەدا نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەمریکا لەو هاوپەیمانییە چی بوون. بەپێی قسەی نووسەر، ئامانجێکی ئەمریکا کەڵکوەرگرتن لە پایگای «ئینجیرلیك»ی تورکیە بۆ لێدانی پێگەکانی داعش لە نێو خاکی سووریە بووە چوونکە فرۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکا ئەگەر لەوێوە بفڕن بە تێچوویەکی کەمتر و بۆ ماوەیەکی زیاتر ئۆپەراسیۆنیان پێ دەکرێ تا ئەوەی لە پایگاکانی ئەمریکا لە کەنارەکانی کەنداو بفڕن. داخوازیی دووەمی ئەمریکا، بەشداریی «ئێف ـ ١٦»ەکانی تورکیە لە شەڕ دژی داعش بووە. لە بەرامبەردا ئەمریکاییەکان ڕازی بوون کە یارمەتی دامەزراندنی ناوچەیەکی ٦٥ مایلی بەتاڵ لە داعش بە درێژایی بەشێکی ڕۆژئاوای سنووری تورکیە ـ سووریە کە لە باکووری حەلەبەوە تا فورات دەگرێتەوە، بدەن. نووسەر دەڵێ ئەو ناوچەیە هەمان ئەو ناوچە دژەفڕینە نییە کە تورکیە لە سەرەتای تەشەنەسەندنی شەڕی نێوخۆیی لە سووریە داوای کردبوو. ئەو ناوچەی کە تورکیە پێشتر داوای دەکرد، لە هێزەکانی بەشار ئەسەد و بەتایبەتی فرۆکەکانی بەتاڵ دەبوو، لە حاڵێکدا ئەمەی ئێستا ئامانجی ناوچەیەکە کە داعشی تێدا نەبێ.

نووسەر دواتر بە وردی باسی ئەوە دەکات کە تورکیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، زیاتر لەوەی لە هێزەکانی داعش بدات، هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و «یەکینەکانی پاراستنی گەل»ی (کە سەر بە «پ.ك.ك»یە) بۆمباران کردووە، لە کاتێکدا هاوکات فرۆکە ئەمریکاییەکان لە نزیکی «گرێ سپی» بە پشتیوانی لە «پ.ك.ك»، هێزەکانی داعشیان بۆمباران کردووە.

نووسەر لە کۆتاییدا دەنووسێ: «هاوپەیمانییەکەی دژ بە داعش بەدەست ئامانجی زۆر لەیەك جیاواز و بەڵێنی لاوازەوە دەناڵێنێ. وێناچێ گۆڕانکاری لێبکەوێتەوە».

سەرچاوە:
Economist.com

درێژەی لاپەڕە ٥ >>

هەوڵە دیپلۆماسییەکانی حیزبن که ئەو شانازیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەوڵە دیپلۆماسیە بێوچانەی دوکتور قاسملوو. هەر ئەوەیشە زۆر کەس لە نووسەران و هەواڵنێرانی بەناوبانگی وەك جاناتان ڕێندل لە کتێبی بەناوبانگی «با این رسوایی چە بخشایشی» و کارول پرۆنهۆبێر لە کتێبی «خولیاو مەرگی ڕەحمانی کورد» لەسەر گرینگی دانی ڕێبەرانی حیزب بە دیپلۆماسی و شێوازی خەباتی مەدەنیانە و مودێرن بە بایەخەوە باس دەکەن. بەگشتی ئەگەر ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان توانای سەربازیی و سامانە سروشتییەکانی وەك نەوت و زێڕ دەکەنە پێوەری دیپلۆماسی لەگەڵ دەرەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئامانجە مرۆڤدۆستەکان و پاراستنی بەها مرۆییەکان و سیاسەتی ئاشتیخوازانە و دژی تیرۆریزم و توندوتیژی و هەوڵدانی پێکەوەژیانی بە ئاشتی لەگەڵ گەلان هەڵبژاردووە وەك پێوەرەکانی دیپلۆماسی خۆی و لەم ڕێبازەش سەرکەوتوو بووە و هەر ئەوەیشە دۆستەکانی حیزب لە دەرەوە بوونەتە باڵوێزی گەیاندنی پەیامی ئاشتیخوازانەی نەتەوەی کورد.

خاڵێکی دیکە کە جێی خۆیەتی لەسەر دیپلۆماسی حیزب باسی بکەین و وەك لاپەڕەیەکی مێژوویی ئاوڕی لێ بدەینەوە، مەحکووم کردنی داگیرکردنی باڵوێزخانەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە لە تاران کە لە ڕێکەوتی ١٣ خەزەڵوەری ١٣٥٨ی هەتاوی (٤ی نوامبری ١٩٧٩ی زایینی) لە لایەن خوێندکارانی پێڕەوی خەتی ئیمامەوە. لەم کردەوەیەدا کە دوور بوو لەگەڵ یاسا و ڕێسای دیپلۆماسی، ئەوان دیپلۆماتەکانیان بە بارمتە گرتن و بێ ڕێزیان پێکردن و بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ لە ئێران دەستبەسەر کران. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەم کردەوەیە نابەرپرسیارانەیە هەڵوێستی گرت و بە شێوەی فەرمی ناڕەزایەتی خۆی دەربڕی و بە کارێکی نادیپلۆماتیکی زانی و ڕایگەیاند ئەو کردەوەیە دوورە لە عورفی دیپلۆماسی. ئەوە لە حاڵێکدا بوو لەو بارودۆخە سیاسییەی ئەوکاتی ئێران کەم کەس و لایەن دەیانتوانی هەڵوێستی بوێرانەی لەو چەشنە بگرن.

خاڵێکی دیکە کە لە دیپلۆماسی حیزبدا جێی سرنجە لە دەستپێکردنی شەڕی ئێران و عێراقدا بوو. بە دەستپێکردنی شەڕەکە و هێرشی بەربڵاوی ئەرتەشی عێراق بۆ سەر ئێران، حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەیەکی ڕەسمیدا ڕایگەیاند و داوای لە ڕێژیمی ئێران کرد بە مەرجێك شەڕ لە کوردستان ڕابگرێ و هێزەکانیان لە شارەکانی کوردستان بکشێنێتەوە، ئامادەیە هێزەکانی پارێزگاری لە خاکی وڵاتەکەی بکا کە کەوتووەتە بەرهێرشی ئەرتەشی وڵاتێکی دیکە. بەڵام ڕێبەرانی شەڕخوازی ڕێژیم ئەم پەیامەیان وەرنەگرت. هەر لەم پێوەندییەدا دوای تێکشکاندنی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە بەرەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق کە خومەینی داماویی خۆی بە خواردنەوەی پیاڵەی ژەهر و قبوڵکردنی ناچاریی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ٢٨ی پووشپەڕی١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠ی ژووییەی ١٩٨٩ ی زایینی ڕاگەیەندرا، پیشان دا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە ڕوانگەی خۆی دەربڕی و داوای لە ڕێژیمی ئێران کرد بۆ ئەوەی گەلانی ئێران بە یەکجاری لە شەڕ خەلاسیان بێ ئاورێك لە پرسی کورد و ... بدەنەوە و هەوڵی چارەسەری پرسی کورد بدەن. بەداخەوە وڵامی دیپلۆماسی ئاشتیخوازانەی حیزبیان بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزب دایەوە.

گرتنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی پاریس لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینی لەسەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بەرهەمێکی دیکەی دیپلۆماسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. ئەم کۆنفرانسەش بە هەوڵی ڕێبەری مەزن دوکتور عبدالرحمان قاسملوو و دۆستانی فەرانسەیی کورد بوو، بە پێکهێنانی ئەم کۆنفرانسە پرسی کورد و بەشخوراوی و سیاسەتی ژینۆسایدی داگیرکەرانی کوردستانی دەرحەق بە نەتەوەی کورد بە ڕای گشتی ناساند و ئەو تاوانە گەورەیان لەقاو دا. هەر ئەوەیش بوو دواتر کۆنفرانسەکەیان بە ناوی دوکتور قاسملوو ناودێری کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاستی سەرتاسەری بە درێژایی مێژووی سیاسی خۆی هەوڵی داوە بەرەیەکی دێموکراتیك لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێران کە باوەڕیان بە دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران هەیە و لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی گەلانی ئێران کە بۆ مافە سیاسی و نەتەوەییەکانیان خەبات دەکەن پێك بێنێ، بەم ڕوانینەوە بوو کە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی چووە نێو شورای نیشتمانی بەرگری ئێران و پاش هەوڵێکی زۆر توانی گەلاڵەی خودموختاری کوردستان بە پەسند بگەیەنێ وەك بەڵگەی دێکۆمێنتی و بایەخدار چاوی لێ بکرێ و لە ڕێکەوتی ١٣٦٢/٤/٢ بە ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی بگەیەنێ.

هەروەها پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ لە ٢٠ فورییەی ٢٠٠٥ی زایینی لە شاری لەندەن یەکێکی دیکە لە هەوڵە سیاسییەکانی حیزب و دیپلۆماسی گشتگیری حیزب لە ئاستی سەرتاسەرییە، سەرەڕای ئەم هەوڵانە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیدا هەوڵی داوە فاکتەری ڕێکخستنیان بێ و بەو ڕوانینەوە پرسە سیاسییەکانی شرۆڤە کردووە، کە بڕیار و ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی بە دواوە بێ، هەرچەند زۆرجار لە هەوڵەکانیدا کۆمەڵە ئاستەنگێکی بۆ هاتووەتە پێش و لەگەڵ عەقڵیەتی پاوانخوازی و شوێنیستی و نابەرپرسانەی هێندێك لایەن بەرەڕوو بووەتەوە، بەو حاڵەش هەناسەی سوار نەبووە و لەم سیاسەتەشی بەردەوامە و هەر لەسەر سیاسەتی ئاشتیخوازانەی و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئێران بوو ڕێبەری تێکۆشەری حیزب دوکتور سادق شەرەفکەندی لە لایەن تیرۆریستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی لە برلین شەهید کرا.

## دیپلۆماسی حیزب لە پێوەندییە کوردستانییەکاندا

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە کە بارودۆخی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان و بزوتنەوەی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی پێوەندیدار بە مەسەلەی کوردەوە و تایبەتمەندی جیاوازی خۆی هەیە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو باوەڕەدا بووە و هەیە، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد کە هەڵگری بیری نەتەوەیی و ڕزگاریخوازین پێویستە پێکەوە هاوکار و یارمەتیدەری یەکتر بن. هەروەها پێوەندیەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتانە جۆرێك ڕێك بخەن زیان بە بزووتنەوەی کورد لەو پارچە نەگەیەنێ و ڕێگر نەبێ لە ڕێگای خەباتی نەتەوەییاندا. جگە لەوەیش لە کارو باری پارچەکانی دیکە کوردستاندا دەستێوەردان نەکەن و چارەنووسی گەلی کورد بهێڵنەوە بۆ بڕیاری سیاسی حیزبە سیاسییەکانی ئەو پارچەیە لە کوردستان و ئیرادەی سیاسی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان. بە درێژایی مێژوو، سیاسەتی خۆیشی لەسەر ئەم بنەما دیپلۆماتیکە دارشتووە و لە هەموو کاتێکیشدا پێڕەوی لەم ڕێوشوێنە کردووە و فاکتەری یارمەتیدەریش بووە بۆ خەباتی پارچەکانی دیکەی کوردستان.

پێوەندیەکانی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ی زایینییەوە لەگەڵ حکوومەتی بەعسی عێراق تا ڕووخانی ئەم ڕێژیمە ئەو ڕاستیەی سەلماند کە حیزب لەو پێوەندییەدا، بەرژەوەندی بزووتنەوەی کوردی چەند بە بەرپرسایەتییەوە پاراستوە و لەو پێوەندییەدا چەند خزمەتی بە حیزب و لایەنەکانی باشووری کوردستان کردوە و هەر لەم سۆنگەوە بوو سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناساراوی کورد لە باشووری کوردستان دوکتور مەحموود عوسمان دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لەکۆبوونەوەیەکی گشتیدا ڕایگەیاند، ئێمە هەموومان شانازی بە حیزبی دێموکراتەوە دەکەین. پێوەندیەکانی لەگەڵ عێراقدا زۆر نەتەوەییانە بووە و بەڵگەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە دیپلۆماسی حیزب لەگەڵ ڕێژیمی بەعسی عێراق لەسەر بنەمای سیاسەتێکی واقعبینانە و سەربەخۆ بووە و فاکتەرێکی یارمەتیکردنی خەباتی کورد بووە لە باشوورو ... ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی ئاواتم ئەوەیە لایەنە سیاسییەکانی کورد لە پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر ئەو سیاسەتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێوەندییەکانیان ڕێك بخەن و بەپێی ئەو ئەزموونە، پێوەندیی بگرن.

ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوای هەرەسهێنانی یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو و کۆتایی هاتنی دونیایی دوو جەمسەری ئەو ڕاستییەیان سەلماند، دیپلۆماسییەك سەردەکەوێ کە ئیرادەیەکی گشتیی لە پشت بێ. ئەو ڕێککەوتنامە و پرۆتوکۆلانەی کە لە چوارچێوەی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان زیاتر شوێندانەریان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینیەکان دەبێ کە خوێندنەوەی دادپەروەرانەی لەسەر بێ.

ئەزموونی جیابونەوەی کۆمارەکانی پێکهێنەری یەکیەتی سۆڤییەت و گەیشتنی گەلانی ئاسیای ناوەڕاست بە سەربەخۆیی و کێشەکانی شەڕی نێوخۆیی یوگوسلاوی و خەباتی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە بۆ سەربەخۆیی و سیاسەتی ژینۆسایدی دیکتاتۆرەکانی ئەو وڵاتە لە بەرانبەر خەڵکی ڕاپەڕیو و بە تایبەت ئەنجامدانی تاوانەکانیان دەرحەق بە خەڵکی مافخوازی کۆسوڤۆ، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەژاند و ڕێبەرانی وڵاتانی دێموکراتیکی هێنایە سەر ئەو باوەڕە بە پەلە دەست بەکار بن. وتەکانی تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی بریتانیا و بیل کلینتون سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ویلاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و گێرهارد شرۆدێر ڕاوێژکاری ئەوکاتی ئاڵمان بۆ یەکخستنی دیپلۆماسییەکی کاریگەر و ڕزگارکردنی نەتەوە ماف پێشێلکراوەکانی یوگوسلاوی و... بڕیارێکی مێژوویی و چارەنووسسازی بە دواوە بوو، هەر ئەم دیپلۆماسیە مرۆڤدۆستانە بوو کە دواتر لە چەندین وڵاتی دیکە بە پێی بارودۆخی ژئۆپۆلتێکی ڕەچاوکراو هێزەکانی هاوپەیمانان سیاسەتی دەستێوەردانی مرۆییان بەڕێوە برد. ئەم سیاسەتە لە باشووری سوودان لە بەرانبەر تاوانەکانی عومەر حەسن بەشیر و لە عێراق لە بەرانبەر کوشتاری بە کۆمەڵی کورد و شیعە و ... لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراق بەڕێوە چوو و ئێستاش پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانیان بۆ گەیشتن بە هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوە لەسەر بەشار ئەسەد لە ئارادایە، گەلی کوردیش کە بە درێژایی مێژووی پڕ لە خەبات و خوێنی کە قوربانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەیە، لە دەستپێکی هاوپەیمانیەتی ڕۆژئاواییەکان دژی ڕێژیمی بەعس لە داگیرکاری وڵاتی کوەیتدا تا ئێستا لە چەند قۆناغی جیاواز بەم دیپلۆماسییە نێودەوڵەتییەوە گرێ دراوە ئەگەر بە وردی و کارناسانە ئەم ڕەوتە شرۆڤە بکەین لە ئازادکردنی کوەیتدا دەرەتانێکی مێژوویی بۆ گەلی کورد ڕەخسا و کورد لە باشووری کوردستان لە ڕاپەرینێکی کەم وێنەدا لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی خاکی کوردستانی ئازاد کرد و دوای بە هێرشەکردنە سەر گەلی کورد لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە و کۆڕەوە مێژوویەکەی گەلی کورد بەرە و سنوورەکانی ئێران و تورکیا، کۆمەڵی نێودەوڵەتی هێڵی پاراستنی ٣٦ دەرەجەیان بۆ پاراستنی کورد ڕاگەیاند و بەم جۆرە سیاسەتی دەستێوەردانی مرۆیی کوردیشی بە جۆرێك گرتووەتەوە. دوایی ڕوخانی ڕێژیمی بەعسی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی و پێکهێنانی حکوومەتی نوێ لە عێراق، گەلی کورد هەنگاوێکی خێراتری لە پێناوی پاراستنی دەسکەوتە سیاسی و نەتەوەییەکانی هەڵ گرتووە و بە خۆشیەوە پرسی کورد لە قۆناغی نکۆڵی کردن ئێستا بە قۆناغی سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی خۆی گەیشتووە، ئەم دەسکەوتەش دەگەڕێتەوە بە هەڵگرتنی ڕێبازی ئاشتیخوازانە و مرۆڤتەوەرانە و ڕەچاوکردنی بنەما مودێرنەکانی دیپلۆماسی لە پێوەندییە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی ڕێبەرانی کورددا.

لە شەڕی داعشیشدا هەڵوێستی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش و بەربەرەکانێی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵیان و ڕزگارکردنی هەزاران کەس لە کچ و کوڕ و ... لە چنگ ئەم جینایەتکارانە، سرنجی ڕای گشتی بەلای کورددا ڕاکێشا و یارمەتییەکی هەمەلایەنەی بە کورد گەیاند و کوردی گەیاندە لووتکەی داکۆکیکردن لە بەها مرۆییەکان. هەر ئەم دیپلۆماسی و ڕێبازە پێشکەوتووانەی کوردە کە دیپلۆماتێکی ئورووپایی دۆستی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك دوکتور برنارد کۆشنەر دەڵێت مەسەلەی کورد، مەسەلەی گەلێکی مافپێشێلکراو و ڕێککەوتننامەی سایس ـ پیکۆ هەڵوەشاوەتەوە و ڕەوایی نیە بۆیە پێویستە کورد خۆی ڕێك بخاو بە یەکگرتووییەوە بەرەوپیری گەیشتن بە سەرووەری نەتەوەیی بڕۆن و دەوڵەتی نەتەوەیی مافی خۆیانە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسیانەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیپلۆماسی نێونەتەوەیی کوردی هەڵگرتووە و جەختی لەسەر سیاسەتی دەستێوەردانی مرۆیی کردوە و سیاسەتی چەواشەکارنی ڕێبەرانی چەواشەکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەقاو داوە لەم بارودۆخە هەستیارەدا کە حیزب بەرەوپیری جێژنی ٧٠ ساڵەی دامەزراندنی دەڕوا و ڕێژیمی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ بە ڕێککەوتنێك لەسەر پرسی چەکی ناوکی گەیشتووە و دەیەوێ پرسی نەتەوەکانی ئێران و مافی مرۆڤ بخاتە سێبەری ئەم ڕێککەوتنامەیەوە، چارەنووسی نەتەوە ماف پێشێلکراوەکانی ئێران و پرسی مافی مرۆڤ ئەو زەروورەتەی هێناوەتە بەردەم ئێمە و هەموو ئوپۆزیسیۆنی پێشکەوتووی ئێران بە لەبەرگرتنی سیاسەتی لەقاودانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و دەبێ بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکدا دیپلۆماسییەك لە پێش بگرین ئەم ڕێژیمە لە ناوەندە سیاسییەکاندا زیاتر تەریك ببێتەوە و بە پشتبەستنی بەهێزی گەلانی ئێران و پشتیوانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ، ئەم ڕێژیمە بەرەو چارەنووسی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی لە چەشنی خۆی ببەین و گەلانی ئێران بە ئامانجەکانیان بگەیەنین.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستپێشخەری ئەم دیپلۆماسیە بووە و لە داهاتوویشدا لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام دەبێ، هێنری کیسینجەر وەزیری پێشووی دەرەوەی ئامریکا دەڵێت ئەگەر دەوڵەتێك یا لایەنێك لەسەر واقعبینی دیپلۆماسی بکا زوو یا درەنگ بە ئامانجەکانی دەگا و حیزبی دێموکراتیش لە ماوەی خەباتی سیاسی لەم ڕێبازە پێڕەوی کردووە.



پۆلێك لە پێشمەرگە قارەمانانەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر شاخەکانی کوردستان

# شایی و گۆڤەند! بۆچی؟

**ڕەزا فەتحوڵڵانژاد**

ئەوەندەی خودی واژۆکران و دەقی ڕێککەوتننامەی ڤییەنی کۆماری ئیسلامی و گرووپی پێنج زێدە یەك شایانی تاوتوێ و لێوردبوونەوەی زیاترە، پەرچەکرداری لایەنە جیاوازەکان و بەتایبەتی هەڵپەڕکێ و خۆشی دەربڕینی کۆمەڵێك خەڵك لەسەر شەقامەکانی شارە گەورەکانی ئێران جێگای تێڕامان و قسەلەسەرکردنە. داخوا ئەو ژمارە خەڵکە پێیان وایە بەهەشتێکی ئابووری دێتەدی، داخوا زۆربەیان کەسانێکی بێکار و بێداهاتن کە دڵیان بە زۆربوونی هەلی کار خۆشە، داخوا خەڵکی باڵاشارەکانن و حەز دەکەن ئیزن بە ژنان بدرێ لە یاریگای واڵیباڵدا ئامادە بن، یان ڕەنگە بەشێکیان منداڵی بازاڕییە خاوەن سەرمایەکان بن و حەزیان لێیە پاپایان ماشینێکی لوکستریان بۆ بکڕێ و هتد. بەڵام هەر چۆنێك بێت ڕاستییەك بوونی هەیە و دەبێ هەمووان بزانن، ئەویش ئەوە کە دەکرێ تا ڕادەی نزیك بە یەقین بڵێین کۆماری ئیسلامی لەبەر بارودۆخی خراپی ئابووری ئێران لە نێوخۆی وڵات ئەو ڕێککەوتننامەی واژۆ نەکردووە، بەڵکوو لەبەر هاوپەیمانانی لە ناوچەکە، واتە حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن، کۆمەڵێك گرووپی شێعە لە عێراق و بەتایبەتیش دەوڵەتی بەشار ئەسەد لە سووریە ئەو کارەی کردووە. بەڵگەهێنانەوە بۆ ئەم ڕاستییە نەك دژوار نییە، زۆریش هاسانە.

بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیاری سەرەکی لەم بوارەدا دەکرێ بگەینە دەرەنجامێکی ڕاست. کۆماری ئیسلامی تا چەند خراپی بارودۆخی ئابووری خەڵکی لا گرنگە، ئەگەری ئەوە چەندە کە کۆماری ئیسلامی لە ترسی ڕاپەڕینی خەڵك بە هۆی بارودۆخی ئابوورییەوە ملی بەو کارە دابێ، ئەگەر ڕێك نەکەوتبا چی بەسەر گرووپە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دەهات، داخوا بەتەمایە بۆ هەمیشە واز لە دروستکردنی بۆمبی ناوکی بێنێ یان ئەگەر هەلی بۆ برەخسێ دەست پێدەکاتەوە.

لەمەڕ ئەوەی کۆماری ئیسلامی تا چەند خراپی بارودۆخی ئابووری خەڵکی لا گرنگە، دەبێ بڵێین ئابووریی ئێران لە بناخەدا نەخۆشە، چوونکە ئابوورییەکی دەوڵەتییە کە جمکەکانی لەدەست بەیتی ڕەهبەری و سوپاییەکاندایە، بە جۆرێك کە پێش لە گەمارۆ ئابوورییەکانیش بەدەستدەیان دیاردەی خراپی ئابووری دەینالاند و لاچوونی گەمارۆکانیش هیچ یارمەتییەك بە چاکبوونیان ناکات. هەروەها ئەگەر بگوترێ هەر دوابەدوای ڕێککەوتننامەکە کۆمپانیا مەزنە ڕۆژئاواییەکان دەستیان کردووە بە دەربڕینی ویستیان بۆ سەرمایەگوزاری لە ئێراندا و ئەمەش ڕاکێشانی سەرمایە و هەلی کاری بەدواوە دەبێ، ئەوا دەبێ بگوترێ پێش لە گەمارۆکان ژمارەی ئەو جۆرە کۆمپانیاگەلە لە ئێراندا کەم نەبوون، کەچی قازانجێکی ئەوتۆیان بە کۆمەڵگای ئێران نەگەیاندبوو، چونکە شتێك بە ناوی ئەمنییەتی سەرمایەدانان لە ئێراندا هەر ناویشی نییە. گرنگتر لەوانەش، مەگەر ئەوە نەبوو لەسەر حەسێبی نانی خەڵك، دەستیان کرد بە قوماری ئەتۆمی، خۆ ئەگەر خەڵکیان بۆ گرنگ بوایە، قوماری وایان نەدەکرد.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئەگەری چەندە کۆماری ئیسلامی لە ترسی ڕاپەڕینی خەڵك بە هۆی بارودۆخی ئابوورییەوە ملی بەو کارە دابێ، دەبێ بوترێ لاوازە. هۆکارەکەی زۆر ڕوونە، لە لایەکەوە خۆ ڕێژیم بۆ خۆی لە هەموو لایەك باشتر دەزانێ کە پێش لە گەمارۆکان خەڵك لە ڕێژیم ڕازی نەبوون و چاوەچاوی دەرفەتێکیان کردووە بیڕووخێنن، بەڵام ئەوە سەرکوتی هەوسارپچڕاو بووە کە نەیهێشتووە جووڵە و ڕاپەڕینە یەك لە دوای یەکەکان لە ناوچەیەك، بیاڤی پیشەیەك، لە نێو چین یان توێژێکدا یان لە ماوەیەکی کورتی زەمەنیدا دەرنەچن و نەبنە گشتگیر و ئامرازی ڕووخانی ڕێژیمەکە. لە لایەکی دیکەوە نەتەنیا هیچ نیشانەیەك بوونی نییە کە کۆماری ئیسلامی بیهەوێ ئاستی سەرکوتکردن کەم بکاتەوە، بەڵکوو زۆر نیشانەی دەرخەری پێچەوانەی لە ئارادان.

لەو بارەوە کە ئەگەر ڕێك نەکەوتبا چی بەسەر گرووپە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دەهات، دەبێ بڵێین سەرەکیترین هاندەری کۆماری ئیسلامی بۆ واژۆکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا حەشار دراوە. سەرانسەری ئەو ناوچەی کە بە هیلالی شێعە ناوی دەرکردووە، سێ چوار ساڵ لەمەبەر گەیشتە بارودۆخێك کە کۆماری ئیسلامی پاڵی ئەرخەیانی لێدابووەوە کە ئیدی ئەو ناوچەیە بەتایبەت عێراق، سووریە و لوبنان بەشی خۆی و مەیدانی تەڕاتێنییەتی، بەڵام زۆری پێنەچوو بوونە ئامانجی هێرشی هێزێکی توندڕەوی هاوچەشنی خۆی بەڵام لە جۆری سوونییەکەی، واتە داعش. «والی ناسر» لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «بۆچی ئێران ڕێککەوتنێکی واژۆ کرد کە دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگە ناوچەییەکەی؟» کە لە «واشینگتۆن پۆست» بڵاوی کردەوە، تا ڕادەیەکی زۆر تیشك دەخاتە سەر ئەم بابەتە. ناوبراو پێی وایە ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە زۆر ڕەهەندەوە بەتایبەتی لە باری وازهێنان لە بەرنامەی چەکی ئەتۆمییەوە لە ناوچەکە لاواز دەبێ، بەڵام ئەوە بەهێزبوونی هێزێکی وەك داعش و نەبوونی پارەی پێویست بۆ پڕچەککردنی گرووپە هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بوو کە پاڵی پێوە نا وەها ڕێککەوتنێك واژۆ بکات.

لەمەڕ ئەو پرسیارەش کە ڕێژیم لە داهاتوو درێژە بە زێدەڕۆییەکانی و یەك لەوان زێدەڕۆییەکەی بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوکی دەدات یان نا، دەبێ بگوترێ کاتێك لەبەر ناچاری و لە پێناو بێهێزنەبوونی زیاتر لە ناوچەکە ڕێککەوتنەکەی واژۆ کردووە نەك لەبەر ئەوەی عەقڵییەتی گۆڕاوە و دەیەوێ لەگەڵ جیهانی دەرەوە لە دەرکەی هاریکارییەوە بچێتە ژوورەوە، کاتێك سەرکوتکردنی خەڵکی کردووەتە بناخەی جیانەکراوەی ڕێژیمەکەی و ئەوەش بەودیویدا واتای بەردەوامبوونی ترسی ڕێژیم لە خەڵکەکە دەگەیەنێ، ئیدی چۆن دەتوانێ واز لە بیرکردنەوە لە دروستکردنی چەکێکی بەهێزی وەك چەکی ئەتۆمی بێنێ. «جان. ئێر.بۆڵتون» لە وتارێکدا لە ژێر ناوی «رابردووی مەترسیداری مامەڵەی ئێران» کە لە «نیویۆرك تایمز»دا بڵاوی کردووەتەوە، چەندین هۆکار دەهێنێتەوە بۆ سەلماندنی ئەو پێشبینییەی کە کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا بەندەکانی ڕێککەوتننامەکە جێبەجێ ناکات و دیسان دەکەوێتەوە دوای دروستکردنی چەکی ناوکی. ناوبراو پێی وایە گەڕانەوەی کۆمپانیا ئەورووپاییەکان بۆ ئێران، دەبێتە کارتێکی گوشاری ڕێژیم بۆ سەر ڕۆژئاوا تا لە ئەگەری هاتنەبەرباسی وەگەڕخستنەوەی گەمارۆکاندا بەکاری بێنێ. بە زمانێکی سادەتر، کۆماری ئیسلامی بیر لەوە ناکاتەوە هەلی کار برەخسێ و سەرمایە ڕابکێشێتە نێو ئێران، بەڵکوو بیر لەوە دەکاتەوە بۆ جارێکی تر سمێڵی کۆمپانیا مەزنە ئەورووپاییەکان چەور بکات کە ببنە تەگەرەیەك لە بەردەم وەگەڕخستنەوەی گەمارۆکاندا.

کەواتە دەکرێ بڵێین پاشەکشەی ڕێژیم لە پێناو تیرۆریستە هاوپەیمانەکانی بووە نەك لە پێناو خەڵکدا، جا لە هەر چین، توێژ یان گرووپێکی کۆمەڵایەتی بن و ئەوانەی شاییان گێڕاوە زۆر بەهەڵەدا چوون، مەگەر ئەوانەیان کە بۆ بەشداری لەو نمایشانەدا، قازانجی خۆیان لە پێشدا بە پارەی نەخت یان شمەکێکی دەرهەست نەك خەیاڵ و ئاواتی خۆڕایی وەرگرتبێ.

# پرسی ژینگە و سووتانی دارستانەکانی کوردستان

**هیوا میرزایی**

هەواڵی سووتانی دارستانەکانی کوردستان، هەموو ساڵێك لە وەرزی هاویندا، یەکێك لەو هەواڵانەیە کە بەردەوام دووپات دەبێتەوە و هەموو ساڵێك خەسارێکی قەرەبوو نەکراوە لە ژینگەی کوردستان دەدرێت، ژینگەیەك کە بەهۆی دەوڵەمەندی و تایبەتمەندییە جوانەکانییەوە لە باری ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکە توانیویەتی ببێتە یارمەتیدەرێکی باش لە بواری ئابوورییەوە بۆ خەڵکی ناوچەکە لەم دۆخە نالەبارە ئابوورییەی کوردستان و ئێراندا. دارستانەکانی کوردستان لە دوای دارستانەکانی باکووری ئێران لە باری بایەخەوە لە پلەی دووهەمدایە و ڕووبەری لێڕەوار و دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ٤٠لە سەدی ڕووبەری گشتیی دارستان و لێڕەوارەکانی ئێران مەزندە دەکرێت و هەر ئەمەش وایکردووە کە سووتانی ئەم دارستانانە لە لای ژینگەپارێز و کەسانی پسپۆڕ و خەڵکی ناوچەکە گرینگی زۆری پێ بدرێت. بێگومان سووتانی دارستان شتێکی نوێ نییە و وەك دەبینین لە هەموو شوێنێکی جیهان، دارستانەکان بە هۆکارگەلی جۆراوجۆر( ئەنقەست و غەیرە ئەنقەست) ئاگریان تێبەر دەبێ بەڵام ئەوەی دارستانەکانی کوردستانی لە شوێنەکانی دیکەی ئێران و جیهان جیا دەکاتەوە، حاڵەت و بەردەوام بوونی ئەم سووتانانەیە کە هەرچی زیاتر گومانی دەستێوەردان و بەئەنقەست بوونی ئەم سووتانانە زیاتر دەکا.

دژایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کوردستان تەنیا لە پرسگەلی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی بەرتەسك نەبووەتەوە بەڵکوو هەموو بوارەکانی لە خۆگرتووە و ژینگەی کوردستانیش یەکێك لەو ئامانجانەیە کە کۆماری ئیسلامی پێکاویەتی، ژینگەیەك کە وێڕای جوانیی سروشت بە هۆی شاخاوی و دارستان بوونەیەوە هەمیشە پەناگا و یارمەتیدەری بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کوردستان و پێشمەرگە بووە و دوور نییە مەبەستی سەرەکی ڕێژیم لە سووتاندنی ژینگە و دارستانەکانی کوردستان ئەوە بێ.



دیمەنی لافاوەکەی ڕۆژانی رابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئەمساڵیش وەك ساڵانی ڕابردوو بەڵام لە پانتاییەکی بەربڵاوتر و بەرینتردا دارستانەکانی کوردستان تووشی ئاگرکەوتنەوە بوون، ئاگرکەوتنەوە لە کێوی ئاویەر، دارستانەکانی سلێمان بەگی بانە، دارستانەکانی ناوچەی «قەڵالانی دالاهۆ» و «چوارزەبر» ئیسلام ئاباد، دارستانەکانی پاوە، دارستانەکانی سەوڵاوا و دارستان و لەوەڕگەکانی بەمۆ نیشاندەری ڕووبەر و گەورەیی ئاگرکەوتنەوەکانی مانگی پووشپەڕ و گەلاوێژی ئەمساڵن، ئاگرکەوتنەوەیەك کە تەنیا بە یارمەتی و یەکگرتوویی خەڵکی ناوچەکە تاکوو ئێستا کونترۆڵ کراوە و بەرپرسان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کەمترین هاوکاری و یارمەتیەکیان بۆ کونترۆلی سووتانی دارستانەکان نەداوە کە دیسان ئەمەیش سەلمێنەری ئەم ڕاستییە کە هەر خودی ئەوانن کە هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوانەن، هەر بۆیەش هیچ هەوڵێك بۆ گرتن و لێکۆڵینەوە لەو کەسانە کە هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوانەن نادەن ئەمە لە کاتێکدایە بۆ پرسگەلی دیکە وەك پرسی سیاسی دەسبەجێ ناوەندە سیخورییەکانی کۆماری ئیسلامی دەست بەکار دەبن و بە گوتەی خۆیان سەربازانی بێ ناونیشانی ئیمام زەمان دژبەران دەسبەسەر دەکەن و دادگای نمایشی بۆ ساز دەکەن و لە ماوەیەکی کورتدا سزای بەسەردا دەسەپێنن، بەڵام سووتانی دارستان و لەنێوبردنی ژینگەی کوردستان بۆ ئەوان گرینگییەکی ئەوتۆی نییە کە خۆیانی پێوە ماندوو بکەن و شوێنی بکەون و تەنانەت وەلامی ناڕەزایەتی ژینگەپارێز و خەڵك نادەنەوە هەر بۆیە ئەوە ژینگەپارێز و خەڵکی ناوچەکەن کە بەپەرۆشەوە تاکوو ئێستا هەوڵی ڕزگارکردنی دارستانەکانیان لە ئاگر داوە و پێوەی ماندوو بوون.

هەواڵێکی دیکە کە ئەمڕۆژانە دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، بارینی باران لە وەرزی هاوین لە بەشێك لە شارەکانی کوردستان بوو، بارینی باران ئەویش لەم دۆخە نالەبارەی ژینگەییدا، کە بەشێکی زۆری ئێران و کوردستان لە قەیرانی وشکەساڵی و بێ ئاویدا بەسەر دەبن ڕەنگە هەواڵێکی خۆش بێ. بەڵام هاتنی سێڵاو لە شارەکانی کوردستان بەهۆی نەبوونی زێرابی گونجاو لە شارەکان ئەم ڕووداوە بەڕواڵەت خۆشەی کردە کارەسات و گرفت بۆ خەڵکی شارەکانی کوردستان و زەرەر و زیانێکی زۆری لە خەڵك دا بەتایبەت بازاڕی شارەکان. پێشبینی کەش و هەوا ئەمڕۆژانە لە جیهاندا بەهۆی بوونی تێکنۆلۆژی و کەڵکوەرگرتن لە ماهوارەکانی تایبەت بە چاوەدێری کەش و هەوا وایکردووە کە ناوەندەکانی پێشبینی کەش و هەوا چەند ڕۆژ پێشتر خەڵك لە ڕوودانی کارەساتە سرووشتیەکان ئاگادار بکەنەوە و بەرپرس و کاربەدەستان ڕێگەچارەی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بدۆزنەوە. بەڵام لە ئێراندا ئەم ناوەندانە بەکردەوە توانای پێشبینی کەش و هەوایان نییە، هۆیەکەیشی بوونی پارازیتێکە کە ناوەندە سیخۆڕی و زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گرفت دروستکردن لە سەر بڵاوبوونەوەی بەرنامە ماهوارییەکانی بەناو دژە شۆڕش بڵاوی دەکەنەوە و جیا لە گرفت دروستکردن بۆ پێشبینی کەش و هەوا لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە دەبێتە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە بەتایبەت لە منداڵاندا.

بەگشتی پرسی پاراستنی ژینگە ئێستا بووەتە یەکێك لە گرینگترینی ئەو پرسانەی کە خەڵکی کوردستان پێوە سەرقاڵن و بە دامەزراندنی ناوەند و ڕێکخراوگەلێکی جۆراوجۆر و ڕێکخستنی خەڵك هەوڵی پاراستنی ژینگەی کوردستان و بوونەوەر و پەلەوەرەکانی دەدەن و توانیویانە پێشکەوتنی بەرچاو لەم بوارەدا بەدەست بێنن و ببنە نموونەیەکی جوان بۆ شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەر ئەم ناوەند و ڕێکخراوانەیشن کە لە کاتی ڕوودانی دیاردەیەکی سرووشتی یان ئاگرکەوتنەوە لە لێڕەوار و دارستانەکانی کوردستان بە بەخشینی خێرای زانیاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا و ڕێکخستنی خێرای خەڵك، کونترۆڵی ئەم ڕووداوە تاڵانە دەکەن. ڕووداوگەلێك کە ئەگەر بە زوویی کونترۆڵ نەکرێ قەرەبوویان زۆر ئەستەمە. هەروەها یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئەم ناوەند و ڕێکخراوانە نوێژنکردنەوەی ئەو شوێنانەیە کە تووشی ڕووداو بووە و بە یارمەتی وەرگرتن لە خەڵك ڕۆحی هاوکاری و پێکەوە کارکردنیان کردووەتە فەرهەنگێکی نموونەیی لە کوردستان و بە پشتبەستن بە خۆیان ڕووبەڕووی کارەسات و ڕووداو و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە و بەباشی لەو مەسەلەیە ئاگادارن کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو شێوەیەك دژی کورد و کوردستانە و بە ئاگردانی دارستان و کەمتەرخەمی لە بواری خزمەتگوزاری لە شارەکانی کوردستان هەوڵی زیاتر لە پەراوێزهێشتنەوەی کوردستانی هەیە و بەجێی ئەوەی لە شارەکانی کوردستان سەرمایەگوزاری بکا، دەیهەوێ ئەو سەرمایە بچووك و خۆجێیانەیش لە کوردستان بباتە دەرەوە و بە تەواوەتی کوردستان ئیفلیج بکا.

# تراژێدیای هاوینی ٦٧ و ڕێککەوتننامەی ڤییەن

شەماڵ تەرغیبی

«کۆمیسیۆنی مەرگ». ناوێکی ئاشنا لە نێو دیرۆکی هاوچەرخی ئێرانە. کاتێك ئاوڕ لە مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابردووی ئێران دەدەیتەوە چاوت بە کۆمەڵێك ڕووداوی دڵتەزێن دەکەوێت کە هەموویان بەپێی یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان دەکەونە خانەی جینایەت بەدژی مرۆڤایەتییەوە. کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانیانی سیاسی لە هاوینی ١٣٦٧ بە دەستی کۆمیسیۆنی مەرگی کۆماری ئیسلامی نموونەیەکە لەو جینایەتانەی کە بۆ هەتاهەتایە بەنێو تەوێڵی کۆماری سێدارەوە دەمێنێتەوە. ئەو زیندانیانەی کە تەنیا تاوانیان جیابیری و نەبوونی بڕوا و متمانە بە حکوومەتی ئیدئۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیهـ بوو.

لە کۆتاییەکانی پووشپەڕی ساڵی ٦٧دا خومەینی ناچار بوو بڕیارنامەی ٥٩٨ی شورای ئاسایش قبوڵ بکات کە بە خواردنەوەی جامی ژەهر ناوبانگی دەرکرد و بەهۆیەوە کۆتایی هات بە ٨ ساڵ شەڕی ماڵوێرانکەر لە نێوان ئێران و عێراقدا. واژۆ کردنی ئەم ئاگربڕە ئەگەرچی بوو بە نوختەی کۆتایی شەڕێکی بێ ئەنجام و لە هەمان کاتدا کرانەوەی نوختە هۆمێدێك بۆ گەلانی ئێران تاکوو بتوانن دوور لە شەڕ و بوردومان ژیانی ڕۆژانەیان دەست پێ بکەنەوە و ویستە ئینسانییەکانیان بێننە گۆڕێ بەڵام لە هەمان کاتیشدا بووە خاڵی دەسپێکی وەڕێخستنی لافاوێك لە خوێن لە نێوخۆی وڵاتدا. خومەینی و دارودەستەکەی کە لەم ململانێیە ناپیرۆزەدا تامی شکستیان چەشتبوو لە هەوڵی تۆڵەکردنەوە و ڕشتنی ڕق و قینە پەنگ خواردووەکانی خۆیاندا بوون و بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان دایە گەورەترین جینایەتەکان لە نێوخۆی وڵات و لە ژێرناوی پاراستنی ئیسلام و وڵات ئێعدامی بە کۆمەڵ و کوشتاری زیندانیانی سیاسییان لە بەشێکی بەرچاو لە بەندیخانەکانی ئێران دەست پێکرد کە بەپێی هەندێك ئامار ڕێژەی ئەو زیندانییە ئێعدام کراوانە نیزیك بە ١٢هەزار کەس مەزندە دەکرێت.

سەرباشقە ڕەفتارییەکانی حکوومەتە ناخەڵکی و خۆسەپێنەرەکان بریتییە لە پێکهێنانی کەشی پۆلیسی و کپ کردن و ترساندن و نائارامی. هەرچەند کە ئەم نائارامی و ترسە لە ناخی ئاڵۆزی سەرکردە نەخۆشەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بەردەوام لە ساوێری پیلانگێڕییاندا خول دەخواتەوە.

وەبیرهێنانەوەی ئەم ڕووداوە لەم کات و ساتەدا کە ڕێککەوتنی ناوکی لە نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە ڤییەنی پێتەختی ئۆتریش واژۆ کراوە گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە. گرینگی ئەم بابەتەش لەوەڕا دێت کە کارنامەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە بیری گۆڕانخوازی و بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی سەربەست و دێموکراتیك هێڵی سووری دەسەڵاتی تارانە و بۆ ئەوەیکە خوازیارانی ئەم بیرۆکە لەو مافە بنەڕەتییە بێبەش بکات دۆکتۆرینی سڕینەوە و تیرۆری فکری و فیزیکی دەگرێتە بەر. بۆیە هیچ بە دوور نازانرێت کە پاش ڕێککەوتنی ئەمجارە ئەم تێزە جارێکی دیکە، هاوشێوەی کارەساتەکانی هاوینی ساڵی ٦٧، بە پانتاییەکی بەربڵاوترەوە دووپات بکاتەوە.

هەرچەند کە سەرانی کۆماری ئیسلامی هیچ کات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە سنوور و هێڵێکی دیاریکراویان بۆ خۆیان دانەناوە و تەنانەت بە ئەرکێکی نیشتمانی و ئایینی خۆیان زانیوە بەڵام دیسانیش پڕئاشکرایە کە دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان لە هێزی یەکگرتوو و یەك گوتاری خەڵك تۆقیون و هەموو هەوڵ و ماندوو بوونیشیان بۆ ئەوەیە کە ڕێگە لە کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی بگرن. کەواتە سڕینەوەی فیزیکی ئەو کەسانەی کە توانای ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکیان هەیە دەبێتە سەردێڕی پیلان و بەرنامەکانیان بۆ داهاتوو. تەواوکەری ئەم پڕۆژەیەش دەتوانێ سەرقاڵ کردنی خەڵك بە پرسە لە پەراوێزخراوەکان یان هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لەهەمبەر کەتوارەکانی کۆمەڵگا بێت. هاوکێشەی هەرەگرینگ و مێژوویی نێوخۆی ئێران، مافە سیاسی، فەرهەنگی و نەتەوەییەکانی گەلانی پێکهێنەری وڵاتی ئێرانە. بێگومان گەلانی ئێران لەم کەشە نوێیەدا، بەتێبینیی ئەوەیکە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران لە ژێر چاوەدێرییەکی چڕی نێودەوڵەتیدایە، لەسەر داوا ڕەوا نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانی خۆیان سوورتر دەبن. کەواتە زۆر ئاساییە کە حکوومەتی زام هەڵگرتووی تاران بیهەوێ بە سەرکوتی ئەم داوایانە سارێژی برینە تازە و کۆنەکانی بکاتەوە. واتە سارێژکەری ئەم برینە نوێیە بریتی دەبێت لە هەوڵدان بۆ نەهێشتن و سڕینەوەی ئەو کەس و لایەنانە.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سرنج کە دەکرێ وەك یەکێك لە لێکەوتەکانی ڕێککەوتنی ڤییەن گریمانەی بۆ بکەین هەوڵێکی چڕوپڕی دەسەڵاتدارانی ئێران لەمەڕ بڵاوکردنەوەی ڤیروسی تەسلیم خوازی و خۆبەدەستەوەدان و لە هەمان کاتیشدا بێ هیوایی لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمە. لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی بەملاوە یەکێك لە جیددی ترین پڕۆژەکانی ڕێژیم، بەتایبەت دەزگای ئیتلاعات، بڵاوکردنەوە و چاندنی تۆوی بێ هیوایی لە نێو لایەنە دژبەرەکانی خۆی بە تایبەتی و گەلانی ئێران بەگشتی بووە. ئێستاش ئەم ڕەوتە درێژەی هەیە و ویلایەتی فەقیهـ لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت کە ئەو خەیاڵ و وەهمە جێگیر بکات کە هیچ هێز و لایەنێك تەنانەت وڵاتانی ڕۆژئاواییش ناتوانن ڕێژیمەکەیان بەچۆکدا بێنن، کە بە وردبوونەوەیەکی خێرا دەردەکەوێ کە ئەم خاڵەش لە ناخی شیزۆفێرنیایی ئەو دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت چونکە کاتێك سەیری لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەکەین دەبینین کە هەموو دیکتاتۆرەکان وەها بانگەشەگەلێکیان بۆ چارەنووسی خۆیان کردووە بەڵام لە کۆتاییدا و بەپێچەوانەی گەنکەشەکانیان ڕەوتی ڕووخان و لەنێوچوونەکەیان خێراتر بووەتەوە.

بەگشتی ئەوەیکە بۆ داهاتووی ئێران لە دوای ڕێککەوتنی ڤییەن پێشبینی بۆ دەکرێت لە لایەکەوە چوونەسەری ڕێژەی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و بەرتەسکتر بوونەوەی هەرچی زیاتری ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکانە لە کۆمەڵگادا و لەلایەکی دیکەشەوە چوونەسەری ئاستی داخواز و ویستە نەتەوەیی و ئێتنیکییەکانە لەلایەن نەتەوەکانی ئێرانەوەیە.



گۆڕستانی بەشێك لەو کەسانەی کە لە کۆمەڵکوژی ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ شەهید کران

# قووڵتربوونەوەی ئاڵۆزییە سیاسییەکان دوای هەڵبژاردنە پارلەمانییەکانی تورکیە

ئیبراهیم قاسمی زادە
و: نسار

ئەمخولەی هەڵبژاردنە پارلەمانییەکان لە تورکیە گۆڕانکاری لە باڵانسی دەسەڵاتی سیاسییدا پێکهێنا. دەوڵەتی ئەردۆغان بە لەدەستدانی نزیك بە ١٠ لەسەدی دەنگەکانی پێشوو خۆی چیدی ناتوانێ تاقەسواری گۆڕەپانی سیاسی تورکیە بێ. حیزبی داد و گەشەپێدان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ ناچارە هاوپەیمانی بکا لەگەڵ یەکێك لە سێ حیزبی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردنەکاندا یان ڕووهێنان لە هەڵبژاردنێکی پێشوەخت. ڕووداوەکانی ئەم دواییانە لە تورکیە و تیرۆری خوێناوی شاری سنووری سووروج کە شەهیدبوونی ٣٢کەس و برینداربوونی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە خوێندکاران و سووسیالیستەکانی سەرانسەریی تورکیەی لێکەوتەوە، هەروەها پێکهێنانی ئاڵۆزی حیزبی دەسەڵاتدار دوای شکستی لە هەڵبژاردنەکان و گومانی هاوکاری ئەم حیزبە لەگەڵ بناژۆخوازەکان و تیروریستەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، پابەند نەبوون بە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان و زۆر پرسی دیکەی نێوخۆیی ڕۆژ بە ڕۆژ لە خۆشەویستی حیزبی داد و گەشەپێدانی کەم کردەوە و بازنەی متمانەی لە لای دەنگدەرانی ئەم حیزبەی چووکەتر کردەوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەم پرسە، بەڕواڵەت حیزبی ئەردۆغان چارەیەکی بێجگە لە پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانی نییە، مەسەلەیەك کە خۆی ئاڵۆزیگەلێکی زۆری بەدواوەیە.

دیدار و وتوویژەکان بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانی درێژەی هەیە. بەڵام ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە چ جۆر هاوپەیمانییەك دەتوانێ تاوی ئاڵۆزییە سیاسییەکانی هەنووکە لە تورکیە کەم بکاتەوە؟ زیاد لە دوو حیزبی ڕکابەر، واتە حیزبی دەسەڵاتدار و حیزبی کۆماری گەلان و حیزبی ڕەگەزپەرەستی بزاڤی نەتەوەیی، بە سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتیکی گەلان ( هـ د پ) لە هەڵبژاردنە پارلەمانییەکان ئالترناتیڤێکی دیکەی بەم هەڵبژاردنە زیاد کردووە. بەڵام ئەگەر سەرەنجی جۆری تێڕوانین و بەرنامەکانی ئەم حیزبانە بدەین دەرەتانی هاوکاری لە نێوان ئەوان زۆر بەرتەسکە و هێندێکجار نەلواو دێتە بەرچاو. بۆ وێنە هاوپەیمانی حیزب کۆماری گەلان (ج هـ پ) و یا حیزبی داد و گەشەپێدان ( ئا ك پ) لەگەڵ حیزبی بزاڤی نەتەوەیی (م هـ پ) لانیکەم دژوار دێتە بەرچاو، لەبەر ئەوەی ئەم حیزبانە لە ڕیزەکانی خۆیان ئەندامگەلێکیان لە عەرەب و تورك و کورد هەیە و تا ڕادەیەك لە هێنانەگۆڕی خواستە نەتەوەیەکان ناترسن بەڵام ئەم مەسەلە بۆ حیزبی بزاڤی نەتەوەی جێگەی پەسەند نییە.

پاش دیدار لەگەڵ ئەم حیزبانە باغچەڵی، ڕێبەری حیزبی بزاڤی نەتەوەی بە پێشنیاری کلیچدار ئۆغڵوو کە خوازیاری پلەی سەرۆك وەزیران لەم هاوپەیمانیە بوو دژایەتی کرد و ڕایگەیاند کە ئێمە دەتوانین ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی دایکمان هەبێ. بەم قسەیە دەرەتانی پێکهێنانی دەوڵەت لە لایەن ئەوانەوە بێ ئاکام مایەوە. ئەگەر هەموو هەڵبژاردەکان لەبەرچاو بگرین، دیسان پێکهێنانی هاوپەیمانی لەلایەن (م هـ پ) و (هـ د پ) کارێکی دژوارە لەبەر ئەوەی نەلواوە. هەروەها (هـ د پ) لەگەڵ (ج هـ پ)یش هەڵبژاردەیەکی بەجێ نین لەبەر ئەوەی کەمالیستەکانی حیزبی کۆماری گەلان بەریانێکیان بۆ هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتیکی گەلان نیشان نەداوە و ئەم بێ مەیلییە دەرەتانی هاوکاری لە نێوان لایەنەکانی نەلواو کردووە.

حیزبی دێموکراتیکی گەلان هەر لە سەرەتاوە هاوکاری لەگەڵ حیزبی داد و گەشەپێدانی ڕەت کردەوە، هەرچەند دوای وتوویژە چەند لایەنەکانی نێوان حیزبەکان، دانیشتنێك لە لایەن ئەوانەوە ئەنجام درا و حیزبی (هـ د پ) پێشنیارگەلێکی خستەڕوو کە دەیتوانی دەرەتانی هاوکاری لە نێوان ئەم دوو حیزبە خۆش بکا، بەڵام حیزبی داد و گەشەپێدان ئامادەی ئەنجامدانی هیچکام لەم پێشنیارانە نەبوو.

هەنووکە لەم هەلومەرجە، تەنیا کوالیسیۆن یا هاوپەیمانییەك کە دەتوانێ ئەنجام بدرێ هاوپەیمانی حیزبی داد و گەشەپێدان لەگەڵ حیزبی کۆماری گەلانە. پێکهاتەی تەشکیلاتی «پێگەی کۆمەڵایەتی» خواست و بەرنامە سیاسییەکان و هێندێکجار بەرزەفڕییەکانی ڕێبەرانی هەر دوو حیزب و لە هەموو گرینگتر پێگەی قایم و هێندێکجار هاوتەریبی دوو حیزب لە بەهێزترین ناوەندکانی بڕیاردان لە وڵات، واتە سوپا، بواری هاوکاری سیاسی و هاوپەیمانی لە نێوان دوو حیزب دەهێنێتە گۆڕێ. لە لایەکی دیکەوە بەڕێز کەمال قلیچدار ئۆغڵوو سیاسەتمەداریەکی میانەڕوە، قسەکانی ئەو بۆ (ئا ك پ) گونجاو دێتە بەرچاو، لەبەر ئەوەیکە وەها سازانێك ناتوانرێ لە باغچەڵی و یا دمیرتاشدا ببینرێ. لەبەر ئەوەیکە یەکێك لەوانە پشتیوانی مافی تورکەکانە و ئەوی دیکەیان لایەنگری بەرانبەری نەتەوەکانی تورکیەیە.

لە کۆتاییدا وەها دێتە بەرچاو کە تەنیا شیمانەی زاڵ، هاوپەیمانی نێوان حیزبی داد و گەشەپێدان لەگەڵ حیزبی کۆماری گەلانە. لە کاتێکدا کە حیزبی داد و گەشەپێدان ژمارەیەك پلەی وەزارتخانەیی بە لایەنی بەرانبەر داوە و هێندێکجاریش مافگەلێکی بۆیان لەبەرچاو گرتووە، دەتوانرێ بە ئاسانی ئەو حیزبە لەگەڵ خۆی هاودەنگ بکا. بە ڕواڵەت ئەم ڕێگەچارەیە تەنیا ڕێگەچارەی ڕزگاری تورکیە لە قەیرانی سیاسی هەنووکەیە. بەڵام تەنانەت لە ئەگەری چارەسەری گرفتەکانی نێوان حیزبەکان و پێکهێنانی دەوڵەتی هاوپەیمانی دوو حیزبی ناوبراو دیسان وەها گۆڕانێکی هەستپێکراو لە سیاسەتی تورکیە ڕوو نادات. وەها هاوپەیمانێك ڕەنگە لە داهاتوودا بە تایبەت لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو ڕێگەیەك بۆ حیزبەکانی دیکە، بەتایبەت حیزبی دێموکراتیکی گەلان بۆ بوون بە ئۆپۆزیسیۆنێکی دایك خۆشتر بکا. لە هەر دوو حاڵەتدا، وەها دێتە بەرچاو کە حیزبی دێموکراتیکی گەلان تاکوو ئێرە براوەی مەیدانی سیاسیی تورکیەیە و متمانەیەکی زۆری لە بەستێنی کۆمەڵگا کۆکردووەتەوە.

لە ئەگەری ئەوەدا کە هاوپەیمانی نێوان (ئا ك پ) و (ج هـ پ) ئەنجام نەدرێ و کار بە هەڵبژاردنی پێشوەخت بگات، دیسان ئەم چوار حیزبە لەگەڵ یەکتر دەکەونە کێبەرکێیەوە. لەبەر ئەوەیکە گومان ناکرێ باڵانسی سیاسی نێوان ئەم حیزبانە بە شێوەی جیددی گۆڕانی بەسەردا بێ. ئەمجارە بە ئەگەری بەهێز حیزبی ئەردۆغان ژمارەیەکی زۆرتر لە دەنگەکانی خۆی لەدەست دەدا، بەڵام هەروا پێشەنگ دەمێنێتەوە. ڕەنگە حیزبی بزاڤی نەتەوەیی هەر ئەو ئاستە دەنگەی پێشوو خۆی بپارێزێ. حیزبی کۆماری گەلان و حیزبی دێموکراتیکی گەلان بە کەمێك زیادبوونی دەنگ ڕەنگە پێگەی خۆی زیاتر جێگیر بکا. بەڵام دیسان بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، حیزبی براوە پێویستی بە هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێك لە حیزبەکان هەیە. لەمڕووەوە، ڕەنگە کەم کێشەترین ڕێگەچارە لە بارودۆخی ئێستای تورکیەدا هاوپەیمانی نێوان دوو حیزبە بەهێزەی تورکیە (ئا ك پ) و (ج هـ پ) بێ، هاوپەیمانیەك کە لە یەکەم هەنگاودا دەبێ پرسی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان، خەبات دژی تیروریزمی داعش و پێشگرتن لە دابەزینی ئابووری تورکیە بخاتە یەکەمایەتی کارەکانی خۆیەوە.

# ئاگرتێبەردانی سروشت و ژینگەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ژینۆسایدی سەوز

## کەمپەینی نا بۆ سووتاندن و گڕتێبەردانی دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان




جەنگەڵ و دارستانەکان یەکێک لە سامانەکانی هەر وڵاتێک و بە سەرچاوەی نەتەوەیی ژیان هەژمار دەکرێن. ساڵانێکە لەنێوچوونی ژینگە لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە چالاکانی مەدەنی و لەوانیش چالاکانی مەدەنیی کورد بە هەڵگرتنی «پاراستنی ژینگە، پاراستنی ژیانە» بە دەیان ئەنجومەن و کەمپەینی ژینگەپارێزیی دابمەزرێنن.

چالاکانی مەدەنیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو چالاکانەن کە لەپێناو پاراستنی ژینگەی وڵاتەکەمان چەندین کەمپەین، ئەنجومەن و گرووپیان بنیات ناوە لەو ڕاستایەدا چالاکی دەکەن.

ئاگرکەوتنەوە یەکێک لەو ڕووداوانەیە کە لە ڕەوتی مێژووودا خەسارێکی بەرچاوی بە ژینگە و بە تایبەتی دارستانەکان گەیاندووە.

ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان کە باشتر وایە وەکوو «ئاگرتێبەردان» ناوی لێ ببەین، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا داوێنی ژینگە و بە تایبەتی دارستانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی گرتووەتەوە و تا دەڕوات ڕەوتی پەرەسەندن بەخۆیەوەدەبینێ.

پەرەسەندن و بەرینتربوونەوەی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەم چەند ساڵەدا، کۆمەڵێک پرسیاری لە مێشکی هاووڵاتیانی کورددا وروژاندووە.

* گەلۆ هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوانە هەروەک لەلایەن ناوەندە پێوەندیدار و هەواڵدەرییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە «سروشتی» ڕادەگەیندرێت، «سروشتی»یە؟!

* ئەگەر هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنەوە زنجیرەییانە ناسروشتیە و بە ئەنقەست ئاگر لە دارستان و لەوەڕگەکان تێبەر ئەدرێت، «کێ» یان چ ناوەند و گرووپ و دەستەیەک لە پشتەوەی ئەم لەنێوبردنە بە ئەنقەستەی ژینگەی کوردستانە؟!

یەکەم خاڵ کە خاڵێکی جێگای سەرنجە و پێویستە لێرەدا ڕوون بکرێتەوە، سروشتی بوون، یا سروشتی نەبوونی ئاگرکەوتنەوە لە دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستانە.

ـ ئاگرکەوتنەوەی سروشتی لە دارستان و لیڕەوارەکانی کوردستان:

ئاگرکەوتنەوەی سروشتی لە دارستانەکانی کوردستان بە شێوەیەکی بەرچاو لە کەمتەرخەمیی هاووڵاتیانی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئەم جۆرە ئاگرکەوتنەوانە کە بەپێی بەڵگەکان بەشێکی کەم لە ئاگرکەوتنەکان پێک دێنێت، لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی ئیسلامی و هەواڵدەرییەکانی ئەو حکوومەتەوە، هۆکاری سەرەکی لەنێوچوونی ژینگەی کوردستان ڕادەگەینرێت و زەق دەکرێتەوە و حکوومەت بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات کە ڕێژەی ئاگرکەوتنەوە سروشتیەکان زۆرتر نیشان بدات.

ئەمە لە کاتێک دایە کە زۆربەی هاووڵاتیانی کورد لەو باوەڕەدان کە ئاگرکەوتنەوە زنجیرەییەکان لە کوردستان سروشتی نین و دەشێ دەستی لایەنێکیان لە پشتەوە بێت.

ـ ئاگرکەوتنەوە ناسروشتییەکان لە دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان (ئاگرتێبەردان):

ئاگرکەوتنەوەی ناسروشتی هۆکاری تایبەتیی لە پشتەوەیە و باشتر وایە وەکوو «ئاگرتێبەردان» ناوی لێ ببەین. ئەم جۆرە ئاگرکەوتنەوەیە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو لە کوردستان پەرەی سەندووە و بەم هۆیەوە ڕووبەرێکی فراوان لە دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان لەئاگردا سووتاون و بوونەتە خەڵووز و خۆڵەمێش.

ئاگرکەوتنەوە لە دارستانێک لە چەند شوێنی جۆراوجۆرەوە بە مەبەستی ئەستەمبوونی کۆنترۆڵکردن و کوژاندنەوەی ئاگرکەوتنەوەکە لەلایەکەوە و هاوکاری نەکردنی ناوەندە پێوەندیدارە حکوومەتیەکان لە لایەکی دیکەوە و بگرە بەربەست دروستکردن بۆ کوژاندنەوەی ئاگرکەوتنەوەکان لەلایەن ئەو ناوەندانەوە، بەڵگەیەکی ڕوونە کە دەری دەخات حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە پشتی ئەم ئاگرتێبەردانانەیە.

بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە لەلایەن چالاکانی مەدەنیی کورد و بە تایبەتی چالاکانی ژینگەپاریزییەوە بە شێوەی مەیدانی ئەنجام دراون و هەروەها بەپێی ئەو ڕاپۆرت و هەواڵانەی کە لەلایەن هەواڵدەرییە کوردییەکانەوە بە پشتبەستن بە قسەی هاووڵاتییانی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بڵاو دەکرێنەوە، ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بە مەبەستگەلی تایبەتی خۆیان لە ڕێگای دەست و پێوەندییەکانیانەوە ئاگر لە دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان بەر دەدەن.

کوردستانی ڕۆژهەڵات پاش هاتنە سەرکاری حکوومەتی ئیسلامی بەهۆی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانەوە بەردەوام ڕوانگەی ئەمنیەتی لەسەر بووە و ئەو حکوومەتە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە هەموو شێوەیەک میلیتاریزە کردووە و ئەم بەپادگانیکردنەی کوردستانە تا دێت چڕتر دەبێتەوە.

بۆ نەوەی جموجوڵی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە ئازادیخوازەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە «بیانوو»ی دابینکردنی بەناو «ئەمنیەت» ئاگر لە دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان و بەتایبەتی ناوچە سنوورییەکان دەدات و تا بەو شێوەیە پێش بە خۆحەشاردانی هێزە ئازادیخوازەکان بگرێت.

ئاگرتێبەردانی دارستانەکانی کوردستان لەلایەن ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامییەوە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پەرەی سەندووە و ئەمەش نارەزایەتیی هاووڵاتیانی کورد و بەتایبەتی چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی لێ کەوتووەتەوە.

چالاکانی ژینگەپارێزی لەسەر ئەو باوەڕەن کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە کوردستان سیاسەتی «ژینۆسایدی سەوز»ی لە پێش گرتووە و بە لەبەرچاوگرتنی دژەکورد و کوردستان بوونی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران، ئەو حکوومەتە بە هەموو شێوازێک لە هەوڵی لەنێوبردنی کوردستان دایە و لە ڕاستای ئەم دژایەتییە سیستماتیکەدا، لەنێوبردنی ژینگەی کوردستانی گرتووەتە بەر و بەو شێوەیە دەیهەوێ کە ژینگەی کوردستان تێک بدات.

نارەزایەتیی هاووڵاتیانی کورد و چالاکانی مەدەنیی کورد بە نیسبەت ئاگرکەوتنەوە زنجیرەییەکان لە چیاکانی کوردستان تاکوو ئێستا هیچ پەرچەکردارێکی ناوەندە پێوەندیدارەکانی حکوومەتی ئیسلامی لێ نەکەوتووەتەوە و دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان هەروا لە سێبەری کەمتەرخەمی و وەڵامدەرنەبوونی ناوەندە حکوومەتییەکان لە ئاگردا دەسووتێن و ڕۆژانە ڕووبەرێکی فراوان لە ژینگەی کوردستان تێک دەچێت.

### سروشت و ڕوانگەی ئەمنی

کوێستانی بوونی کوردستان و بوونی بزووتنەوە سیاسییەکانی کورد و گەشەکردنیان لە شاخ وەك پاڵپشتی سەرەکی تێکۆشەران یەکێک لەو هۆیانەیەکە حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر کورددا تەنانەت ببنە دوژمن و نەیاری شاخ و سروشت و ژینگەش و داخی دڵی خۆیانی پێ بڕیژن. چالاکوانانی سیاسیی کورد پێیان وایە زاڵبوونی تێڕوانینی ئەمنیەتیی حکوومەتی ئێران بۆ کورد و شۆڕشەکەی، داوێنی سروشتیشی گرتووەتەوە و زۆرجار بۆ شێواندنی پەنا و پەسێوگەی پێشمەرگە بە ئەنقەست ئاگر لە کوێستانەکان بەر دەدەن و ئەگەر چالاکانی خۆڕسکی ژینگەپارێزیش هەوڵی کۆنترۆڵ و کوژاندنەوەی بدەن، لەلایەن هێزە ئەمنی و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە دەگیرێن و بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ نەیارەکانی حکوومەت سزا دەدرێن.

چالاکوانانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ژینگەپارێزان هێزە سەربازییەکانی ئێران و بەتایبەت سوپای پاسداران بە سووتاندنی دارستان و لێڕەوارەکان تۆمەتبار دەکەن و لەم بارەوەشەوە بە دەیان بەڵگە و دیکیۆمێنت و وێنەی ڕاستەقینە لەبەردەست دان.

نموونەی حاڵەتی لەم چەشنە لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر بووە و چەندین چالاکوانی ژینگەپارێزی کورد بە تۆمەتی ژینگەپارێزی! سزای زیندانیان بۆ بڕاوەتەوە. لە حاڵێکدا بەپێی یاساکانی حکوومەتی ئێران، پاراستنی سروشت و ژینگە لە ئەستۆی حکوومەتە و دەبێ ناوەندەکانی ژینگەپارێزی و لێڕەوار و دارستان کە چەندین لق و یەکەیان هەیە و بوودجەی تایبەت وەردەگرن، یارمەتیدەر و ڕێنوێنی چالاکانی ژینگەپارێز بن، کەچی نەتەنیا یارمەتیدەر نین، بەڵکوو لەمپەر و هۆکاری سەرەکیی فەوتان و سووتانی سروشتی ڕۆژهەڵاتن!!

---

## جووت حەوت



### هەوراز

لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا شتانێك هەن کە کە وەکوو سەیروسەمەرە و عەجایبات باسیان دەکرێت و روون نیە کە ئەم عەجایباتە چۆن دروست کراون. بۆ نموونە ئەهرامی میسر کە هەرچی بیر دەکەمەوە نازانم ئەم بەردە زەبەلاحانە بە عەقڵی مرۆڤی سەردەمی کۆن چلۆن لە سەر یەك دانراون کە مرۆڤی سەردەمی داعش و ئەلقاعیدەش تا ئێستا نەیتوانیوە تەنانەت تێکیان بدات. یان بۆ نموونە باخە هەڵواسراوەکانی بابل کە حەوت نهۆم لە سەر یەك باخیان دروست کردووە و لە هەر نهۆمێکیدا جۆرە میوەیەك بەرهەم هێنراوە. ئەوەش لە عێراقێکدا کە دەزانین ئێستاشی لەگەڵ بێت، باخ و بێستانی یەك نهۆمەیشی لێ شین نابێت و خشت لە سەر خشت ڕاناوەستێ. هەڵبەت کەسانێك هەن کە پێیان وایە ئەم عەجایباتە کاری دەستی مرۆڤ ـ و بە تایبەتی مرۆڤی ئەو وڵاتانە ـ نین و بوونەوەرە ئاسمانییەکان دروستیان کردوون بەو هیوایەی کە مرۆڤی ئەو وڵاتانە ڕۆژێك لە واتای عەقڵ و بیرکاری و شارستانیەت تێ بگات، بەڵام دواتر کە بینیویانە ڕەنجیان بە خەسار دەچێت، وازیان هێناوە و گەڕاوەنەتەوە بۆ ئاسمانەکان.

لە دەڤەرە حەیاتەکەی خۆمانیشدا کە پێی دەڵێن ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عەجایباتی وا هەیە کە ئەگەر لە ئورووپا باسیان لێ بکەی، لەوانەیە پێیان وابێت گاڵتەیان پێ دەکەی. ئەم سەیر و سەمەرانە روون نیە کە بوونەوەرە ئاسمانییەکان بۆیان هێناوین یان هەر لە خۆڕا دروست بوونە، چوونکە لێمان روونە کە مرۆڤی دەڤەرکەی ئێمە کاتی خۆی بە دروستکردن و بنیاتنان خەسار ناکات و زیاتر حەزی لە تێکدان و رووخاندنە تا دروستکردن و بنیاتنان. لێرەدا ٧ عەجایباتی ئەم دەڤەرەتان بۆ باس دەکەین کە لە فانۆسی دەریایی ئەسکەندەریە و دیواری چین و پەیکەرەی ڕۆدێس و ئەوانی دیکەش سەیروسەمەرەترن. بۆ نموونە:

١: لەم دەڤەرەدا بەشێك لە دەسەڵات، حکوومەتە و بەشێکی دیکەی دەبێتە ئۆپۆزیسیۆن. واتە حیزبی وامان هەیە هەم ئوپۆزیسیۆنە و هەم دەسەڵات، هەم دادوەرە و هەم تۆمەتبار، شەش وەزیر و شەش خەروار کاربەدەستی حکوومەتی و شەش ناوچەی قۆرخکراوی کراوی تایبەت بە خۆی و شەش دەزگای ئەمنی و شەش جۆر هێزی چەکدار و شەش ئیمپراتۆریی بنەماڵەیی و شەش شاژن و شەش شازادەی جێنشین و شەشسەد جۆر رانتی نارەوا و شەشسەد گومرك و شەشسەد چاڵە نەوتی هەیە و لە کاتی هەڵبژاردنیشدا هێرش دەکاتە و سەر حکوومەت و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی حکوومەت! و خۆی دەکاتە مەڕی پێغەمبەران و لە بەر گەندەڵیی حکوومەت، زریکەی تا ئاسمانی حەوتەم دەچێت.

٢: حیزبی واشمان هەیە کە بۆ خۆی لە پارلەمانی وڵاتێکدا هەیە و لە ژێر وێنەی ڕێبەران و ئاڵای ئەو وڵاتەدا سوێندی یاسایی دەخوات، بەڵام خەڵکی دیکە بەوە تاوانبار دەکات کە لە بۆنەکانی ساڵیادی دامەزرانی هەمان وڵاتدا بەشدارییان کردووە.

٣: ئەو حیزبانەی کە زیاتر لە هەموو حیزبەکانی دیکە پێکەوە کێشەیان هەیە، بە یەکتر دەڵێن «هاوپەیمانی ئیستراتژیك!».

٤: لەم دەڤەرەدا زۆرترین ناکۆکیی بەرژەوەندییەکان لەگەڵ دۆستان و زۆرترین خاڵی هاوبەش لەگەڵ دوژمنان هەیە.

٥: خەڵکی ئەم دەڤەرە تا کاتێك کە لە وڵاتی خۆیانن، هەموو هەوڵ و هیوا و ئاواتیان ئەوەیە کە لەو جەهەننەمە دەرباز بن و خۆیان بگەیەننە وڵاتێکی ئەمریکایی یان ئورووپایی (تەنانەت ئەگەر مەکزیك و یۆنان و ئۆکراین و پۆرتەغالیش بێت)، بەڵام هەر لە یەکەم سەیتەرەی یۆنان کە تێپەڕین، ئورووپایان لێ دەبێتە جەهەننەمێك کە دەبێ لە هەموو شتێکدا خۆی وەکوو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێ بکات تا ببێتە بەهەشتی دڵخوازی ئەوان. بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتێکی وەك ئاڵمانیش بن، وا نیشان دەدەن کە ئەو وڵاتە خاوەنی نەخوێندەوارترین و گەمژەترین حەشیمەت و خراپترین یاساکان و دواکەوتووترین سیستمەکانە و نە نیچەی بە خۆیەوە دیوە و نە کانت و هێگل.

٦: بەشێك لە خەڵکی ئەم دەڤەرە پێیان وایە دێموکراسی باشترین شێوازی دەسەڵاتدارییە، بەڵام کاتێك کە لێیان دەپرسی «چ جۆرە یاسایەکت بە دڵە؟» دەڵێن یاساکانی ئێرانە حەیاتەکە.

٧: لەم وڵاتانەدا هەموو کەس دەزانێ کە بۆ نموونە سیستمی سیاسیی سوویس یان نوروێژ لە ئێران و عەرەبستان باشترە، زۆرینەی خەڵکیش لە حکوومەت نارازین، بەڵام بەردەوامیش لە خوا دەپاڕێنەوە کە «خوایە ئەم ئاسایش و ئەمنیەتەمان لێ نەسێنی!».

لەم شتە سەیر و سەمەرانە کە ئەهرامی میسر و باخەکانی بابلیش لە لایان هیچن، لە دەڤەری ئێمەدا زۆرن، بەڵام لێرەدا مەجال نیە هەموویان باس بکەین. بۆیە ئەگەر تەمەن باقی بوو، لە دەرفەتێکی دیکەدا رەنگە بپەرژێینە سەر حەوت عەجایباتی دیکەی دەڤەرە حەیاتەکەمان.

# پێوەندیی ئێران و ئامریکا دووای ڕێککەوتنی ناوکی

دارا ناتق



سەرەڕای تێچوویەکی زۆر و باندۆرێکی خراپ و قەیراناوی لەسەر کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و ڕووخانی ئابووری وڵات و لەدەستدانی متمانەی ڕێژیم تا ئاستی ڕووخان، لە پێناو بەردەوامی و بە دەست خستنی چەکی ئەتۆمی و خەونی دامەزراندنی ئیمپراتوورییەتی شیعە، دواجار کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ناچاری جامی ژەهری نۆشی و لە دوا ڕێککەوتنی لەگەڵ گرووپی ٥+١ لەمەڕ بەرنامەی ناوکی ئەو وڵاتەدا، گەڕایەوە سەر خاڵی سفر. لە ئەگەری پابەند بوونی ڕێژیم بە بەندەکانی ئەو ڕێککەتنامەیە، هەنگاو بە هەنگاو گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکانی سەر ئەو وڵاتە هەڵدەگیرێن. ئەگەرێك کە بە بڕوای زۆرێك لە چاوەدێرانی سیاسی و بەپێی ئەزموونەکانی ڕابردووی ئەو ڕێژیمە لەمەڕ پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان، لەگەڵ نێوەڕۆك و سیاسەتی چەواشەکارانەی ڕێژیمدا ناتەبایە.

کاریگەری و کاردانەوەی سەرەکی ئەو ڕێککەوتنامەیە لەسەر پێوەندیی نێوان ئێران و ئامریکا تەوەری سەرەکی ئەم مژارەیە.

دوای شۆڕشی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران، لە یەکەم ڕۆژی بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن خۆمەینییەوە، بە فەرمانی ناوبراو هێرش کرایە سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و بە داخستن و بارمتە گرتنی کارمەندەکانی، پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە بە تەواوی تێکچوو و ڕێژیمی ئێران بە بەرز کردنەوەی دروشمی دژ بە ئامریکا و هاوپەیمانەکانی، بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە و هاوپەیمانەکانی لە ئاست ناوچە و جیهاندا کردە ئامانجی تیرۆریستانەی خۆی.

دیپلۆماسی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئامریکا، دوای چەندین ساڵ ململانێ توانی ئێران بە چۆکدا بێنێت و لە ڕێککەوتنێکدا پرۆژەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە ڕابگرێت. ڕێککەوتنێك کە وێڕای نارەزایەتی بەشێکی بەرچاو لە هاوپەیمانەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا بە تایبەتی عەرەبستان و ئیسرائیل، لەگەڵ دژایەتی بەشێکی بەرچاو لە باڵی توندڕەوی ڕێژیم و نیگەرانی بەشێك لە کۆمەڵگای ئامریکا و بە تایبەتی کۆماریخوازەکانی ئەو وڵاتە ڕووبەڕوو بوو. لێدوانە دژ بە یەکەکانی بەرپرسانی ئەو دوو وڵاتە لە دووای ڕێککەوتنامەکە، گومان دەخاتە سەر ئاسایی بوونی پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە.

ئاستەنگ و گیروگرفتی گەورە لەسەر ڕێگای ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا هەیە. یەکێك لەو ئاستەنگانە ئەوەیە کە لەو دوو وڵاتەدا، هێزی پڕ نفووز و مۆخالفی ئەو ڕێککەوتنامەیە هەیە کە بە هەموو شێوەیەك لە دژی سەرگرتنی ئەو تەوافۆقە و شکەست پێ هێنانی کار دەکەن. هەتا ئێستاش گیر و گرفتی گرینگ و گەورە لەسەر پرسی جۆراوجۆر و بەردەوامیی شەڕ و ئالۆزییەکانی ناوچە و پێوەندیی ئێران لەگەڵ ئیسرائیل و عەرەبستان و وڵاتانی عەرەبی کەنداوی فارس و پرسی مافی مرۆڤ هەن کە دەتوانێ ئاسایی بوونەوەی پێوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ ئاستەنگی جیدی ڕووبەڕوو بکات. زیاتر لە سێ دەیەیە کە ڕێژیم لە هەوڵی ڕووخاندنی وڵاتانی ناوچە و هێنانە سەر کاری حکوومەتگەڵی شیعە و دژە ڕۆژئاوایی و ئامریکاییە و لەو پێوەندییەدا بە پشتیوانی کردنی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستەکانی وەك حوسییەکان و حیزبوڵای لوبنان و ڕێکخراوی جیهادی ئیسلامی هەوڵەکانی پراکتیزە دەکات.

کێشەی ئێران و ئامریکا لەسەر پرسەکانی ناوچە و چۆنیەتی مۆدیرییەت کردنی بواری ئەمنییەتی ناوچەکە و شەڕی تیرۆریزم، پشتیوانی بەردەوامی ئێران لە گرووپە تیرۆریستەکان و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و هەوڵدان بۆ درۆست کردنی کەمەربەندی ئەمنییەتی شیعە و بەردەوامیی دژایەتی کردن لەگەڵ میحوەری سوننە، نە تەنیا کاریگەری نەرێنی لەسەر نزیك بوونەوەی پێوەندی نێوان تاران و واشینگتۆن دادەنێت، بەڵکوو دەتوانێت پراکتیزە کردنی توافۆقی ناوکی ئێران ئالۆزتر بکات. بە تایبەتی ئۆباما و خامنەیی دوای ئەو ڕێککەوتنامەیە تا ئێستا چەندین جاڕ لە لێدوانەکانییاندا هێمایان بۆ ئەوە کردووە کە، ڕێککەوتنی ناوکی تەنیا پێوەندی بە پرسی ناوکییەوە هەیە و چۆنییەتی مۆدیرییەت کردن و چارەسەری کێشەکانی ناوچە و باشتر بوونی پێوەندیی نێوان ئێران و ئامریکا، پێوەندی بەو ڕێککەوتنامەیەوە نییە.

سیاسەتی شەڕخوازانەی ئێران و بە ئامانج گرتنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئامریکا، هێژموونخوازی ئێران لە ئاستی ناوچەدا و باڵادەست بوونی ئێران لە ئاست وڵاتانی وەك عێراق و سووریە و فەلەستین، دژایەتی بەردەوامی لەگەڵ وڵاتانی سوننەنشینی ناوچە و هاوپەیمانی ئامریکا و لە هەمووی گرینگتر دوژمنایەتی ستراتێژیکی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئیسرائیل و جیاوازی بیروبۆچوون لەمەڕ چۆنیەتی مۆدیرییەت کردنی کێشە و ئالۆزییەکانی جیهان بە گشتی و ناوچەکە بە تایبەتی، ئاستەنگی سەرەکی سەر ڕێگای ئاسایی بوونەوەی پێوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتەن.

پێوەندیی ستراتیژی ئێران لەگەڵ چین و ڕووسیە بە تایبەتی، وەکوو دوو زلهێزی ڕکابەری ئابووری و سیاسی ئامریکا، لەسەر بنەمای هاوکاری هاوبەش و کەمڕەنگ کردنەوەی ڕۆڵی ئامریکا لە ئاست هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە و جیهاندا و هەروەها هەوڵەکانی ئێران بە خۆ تەیار کردن لە بواری مووشەکی دوورهاوێژ کە مەترسی بۆ سەر هاوپەیمانەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا دروست دەکات، خاڵی پڕ کێشەی نێوان ئەم دوو وڵاتەن.

هەروەها دژایەتی و دوژمنایەتی چەندین دەیەی نێوان ئەو دوو وڵاتە، پێویستی بە دروستکردنی کلتوور و فەرهەنگێکی متمانەپێکراو لە نێوان ئەو دوو حکوومەتە دژ بە یەکە هەیە کە بتوانێت بەستێنێکی قایم و بناخەدانەر بۆ دانانی پێوەندییەکی ئاسایی و باوەڕپێکراو دابنێت کە ئەوەیش پێویستی بە کات و لە هەمووی گرینگتر پابەند بوونی ئێران بەو ڕێککەتنامەیە و هەنگاوی پراکتیکی ئەو وڵاتەوە هەیە.

# باروودۆخی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات

فارووق فیرووز

لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ناو شالاوی کێشەکانی پێوەندیدار بە نەبوونی دێموکراسی و ئازادی ڕادەبڕین، کێشەی نەتەوەیی و بیری نەتەوەیی، کێشەی مامۆستایانی قوتابخانەش بەشێکە لەو پێکهاتانە کە مامۆستایان و قوتابیان تووشی لەخۆنامۆبوون و بارگرانی ژیان و چەوساندنەوە دەکا. ژیانی مامۆستایانی قوتابخانە هەر لە سەرەتای چوونیان بۆ زانکۆی تەربیەت موعەلیم تووشی سەختی و سەخڵەت دەبێ و دەتوانین بڵێین زۆربەی ئەو کەسانە یان لەبەر بارگرانی ئابووری ئەو پیشەیە هەڵدەبژێرن یان لەبەر ئەوەیکە وابیر دەکەنەوە پیشەی مامۆستایی گەرەنتیەکی ئابووری باشە بۆ داهاتوو و ئەتوانن لە تەمەن ٢٢ساڵیدا ببن بە مووچەخۆری دەوڵەت و تەنیا ڕێژەیەکی کەم لەوان لە ڕووی ئۆگرییەوە ئەو پیشەیان هەڵبژاردووە چوونکە نێوەڕۆکی ئەو پیشەیە لە ئێران، فێرکردنی زمانە بیانییەکان و زمانی دەسەڵات وەکوو زمانی عەرەبی و فارسییە و دەبێتە هۆی پاشەکشێ لە خوێندنی قوتابیان و تەنانەت ئاکامی دواکەوتنی مێشکی قوتابیانیشی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی زانایانی بواری دەروونناسی و سایبرئەتنیك ئەو قوتابیانەی وا بە زمانی دایکیی خۆیان فێری وانە زانستییەکان نابن تووشی دواکەوتوویی ڕێژەیی مێشك دەبن. بەو مانایەکە لە بەراوەرد لەگەڵ ئەو قوتابیانەی کە بە زمانی دایکیی دەخوێنن چالاکیی مێشکیان کەمترە.

ئێستاکە منداڵ هەر لە سەرەتای چوونی بۆ قوتابخانە لە تەمەنی حەوت ساڵیدا تووشی ئاسیمیلاسیۆن دەبێت و قۆناغی سەرەتایی تەواو ناکات کە دەست و پێوەندییەکانی ڕێژیم ئەیکەنە ئەندام لە ڕێکخراوی بەسیج و بەرە بەرە فێری وشە و چەمکگەلێکی وەکوو کەربەلا و شوهەدا و ئیمام زەمان و زهوور (هاتنەوەی ئیمام مێهدی) و تەواوی ئەو شتانەی پێوەندی بە ئایین و ئامانجە ئایدیالیستیەکانی ئایینی شێعەوە هەیە دەکەن و ئەمەش لە نێوەڕۆکی خۆیدا یانی کارەسات و ناساندنی دونیای دەرەوە بە شێوازێکی غەیرە عەقلانی و خەیاڵاوی و مامۆستایانیش نەخوازانە ناچارن هاوکاری و پەیڕەوی لەو شێوازە فێرکاریە بکەن.

بەرپرسانی وەزارەتی ئامووزش و پەروەرش نێوەڕۆکی کتێبەکان بە شێوازێك دادەڕێژن و دەری دەکەن کە بابەتە ناڕاستەکان و سەفسەتەکان لەگەڵ بابەتە ڕاستەکان و زانستییەکان لە کتێبە دەرسیەکاندا دەگونجێنن و یا دەتوانین بڵێین بابەت و ڕووداوەکان بە شێوازێکی ناڕاست دەگێڕنەوە. مەبەستم لە ناڕاست ئیجبارەن درۆ نییە و ئەوان ئەو خاڵانەی پێیان خۆش بێ زەقی دەکەنەوە و ئەوەی بە دڵیان نەبێ باسی لێناکەن یان کەمڕەنگی دەکەنەوە.

لەم بارودۆخەدا مامۆستایان وەکوو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لە لایەکەوە بیر لە مافە نەتەوایەتییەکان و مافە دێموکراتیکەکان دەکەنەوە و خولیایان دەبن و هاوکات بەردەوام ڕۆژانە وانەکانی نێو کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندنی قوتابیان بۆ ئەوان ئەڵێنەوە و لە ئاکامدا تووشی لەخۆنامۆبوون دەبن و بارودۆخی دەروونی و ئامانجە دەروونییەکانیان لەگەڵ ژیانی دەرەوە و نێوەڕۆکی پیشەکەی جیاوازی هەیە و ئەم لەخۆنامۆبوونە، مامۆستایان تووشی کێشەی دەروونی کردووە و هەروەها دەبینین لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا ئەو کەسانەی بە بەردەوامی کاری مامۆستایی دەکەن ناچارن بەردەوام لەگەڵ بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیم پێوەندییان هەبێت و ئەو پێوەندییە وەکوو پێوەندییەکی پیشەیی و یان دامەزراوەیی بەحیساب دێت و مامۆستایان هەوڵ دەدەن کە هۆشیار بن تا لە لایەن دەزگای حەراسەتی ئامووزش و پەروەرشەوە کێشەیان بۆ درووست نەبێ و ئەم ڕستە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا باو بووە کە دەڵێن، زمان ڕاوەستێ، سەر سلامەتە. هەبوون و هەن ئەو مامۆستایانەی کە بە بۆنەی قسە و دروشمی نەتەوەیی و تەنانەت خوێندنەوەی شێعری کوردی یان لەسەر کار دەرکراون و یان بۆ شارێکی غەیرە کورد نێردراون و دوورخراونەتەوە.

وەك قسەی کۆتایی دەتوانین بڵێین مامۆستایان هاوشێوەی پێکهاتەیەکی چەوساوەی کۆمەڵگای کوردەوارین کە ناچارن وانەگەلێك بڵێنەوە کە پێیان خۆش نییە و دەستیان وانەگەلێك بنووسێ کە مێشکیان ڕازی نییە و پێی خۆش نییە.




دیمەنێك لە مانگرتنی مامۆستایان لە ئێران

# چراکانیان کوژانەوە!



شەوێك بوو هاوین باوێشکی تێدا ئەدا
شەوێك بوو بۆنی بێهۆشیی لێ ئەهات و
شەقام.. گێژ و
مێژووم.. گێژ و
لەو شەوەدا
مانگ خەمی دابوو بە خۆیدا و
«گۆیژە» چاوی بە وەنەوز و
درەخت بە پێوە نووستبوو!
لەو شەوەدا
شەمشەمەکوێرەی شارەکەم
بە دانی تیژی تاریکیی
کەوتنە رووناکی قرتاندن
چراکانیان کوژانەوە و
من ئازادیم تاریك داهات!
لەو شەوەدا
چراکانیان کوژانەوە
تا تەوری بەرماڵ لە کۆڵ و
تا شمشێری دەس نوێژگرتوو.. بێنە ژووریٚ و
وەك تارمایی بە ناو خەوما یەك یەك رەت بن!
چراکانیان کوژانەوە..
هاتنە ژووریٚ.. سابرێنە شیر بە دەستەکان.. هاتنە ژووریٚ
«بە سواری تۆپی رەمەزان هاتنە ژووریٚ»
سێ سەد کیلۆمەتری دڵمیان بڕی و هاتنە ژووریٚ
«بەرەو هەواری «ئەی رەقیب» کەوتوونە ڕیٚ»
سێ سەد کیلۆمەتری چاومیان بڕی و هاتنە ژووریٚ
«بەرەو پەڵە گوڵجاڕێکی خوێنی «قازی» کەوتوونە ڕیٚ»
سێ سەد کیلۆمەتری ڕۆحمیان بڕی و هاتنە ژووریٚ
«بەرەو گۆمێکی بچووکی شیعری هێمن کەوتوونە ڕیٚ»
چراکانیان کوژانەوە..
سەدان چیای بێوەژن و سەدان جۆگەی جوانەمەرگ و
سەدان دەشتی ژانی منیان پێچایەوە و.. هاتنە ژووریٚ.
من هەر دوێنیٚ
هەر دوێنیٚ شەو
پەنجەکانی خۆم داگیرسان
بۆ کەوەکانی «ئاڵوەتان».
من هەر دوێنیٚ
هەر دوێنیٚ شەو
باڵای خۆم کرد بە شمشاڵ و
شمشاڵم دایە دەست «بۆکان».
سەری خۆم کرد بە شاپڵێتە و
شاپڵێتەم دایە دەست سنە و
خوێنی خۆم کرد بە جۆگەلە و
کردمە سەر «موکریان».
بەڵام ئەمشەو چراکانیان کوژانەوە
لەو شەوەدا
لە دووڕییانی هەولێر و «تەق تەقا» بوو
«کۆیە» سەری خۆی ون کرد و
«حاجی قادر» بۆی ئەگەڕا.
لەو شەوەدا
لە دووڕییانی هەولێر و تەق تەقا بوو
شیعرەکانم قووقەی سەربڕاوی خۆم بوون
بە چواردەوری بێدەنگیدا ئەخولانەوە.
لەو شەوەدا.. شیعرەکانم
بووبوون بە پەیکەری «پی» و
بە گەرمای شەرمەزاریی خۆم ئەتوانەوە!
لەو شەوەدا»

شێرکۆ بێکەس

## بڵاوکراوەی نوێ

کتێبی «٧٠ وێستگەی مێژوویی» نووسینی بەڕێز تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم کتێبە کە بە بۆنەی حەفتادەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نووسراوە، ٣٤٣ لاپەڕە لە خۆ دەگرێت. تیراژی ئەم کتێبە ١٠٠٠ دانەیە، لە «چاپخانەی رۆشنبیری» لە شاری هەولێر چاپ کراوە.

نووسەر لەم کتێبەدا حەفتا بڕگەی تەمەنی خەباتی پڕشانازیی حیزبی دێموکرات لە ماوەی حەفتا ساڵ تەمەنی ئەو حیزبەدا دەخاتە بەر باس. باسەکانی ئەم کتێبە بە کەڵك وەرگرتن لە بەڵگە و دۆکۆمنتی پێوەندیدار بە باسەکان دەوڵەمەند کراون.




گرینگیی ئەم کتێبە لەوەدایە کە بۆ یەکەمجار پەرژاوەتە سەر هێندێك لە قۆناغەکانی مێژووی حیزبی دێموکرات کە تا ئێستا کەمتر باسیان لێ کرابوو. ئۆگرانی کتێب و خوێندنەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بەم کتێبە دەتوانن سەردانی کتێبخانەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها کتێبخانەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە بکەن.

# KURDISTAN

*Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan ▪ No: 658 ▪ 6 Agu 2015*

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr





# حەفتاساڵ
# خۆڕاگری و کۆڵنەدان